بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

125

11 ی کانونی دووەم/ جەنیوەری 2026

## ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی ٣٢ی کۆمیتەی ناوەندی حزب

له رۆژانی ٩و ١٠ی کانونی دووەم/ جەنیوەری ٢٠٢٦دا کۆمیتەی ناوەندی حزب بەبەشداری زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب و وەفدێک لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە پێکهاتبوون لە هاورێیان( فارس محمود، خلیل ئیبراهیم، نادیە محمود و ئەسعەد تالێب) پلینۆمی ٣٢هەیمی خۆی لە شاری سلێمانی ئەنجام دا.

دوای دڵنیابوون لە شەرعیەتی پلینۆم، کارەکانی پلینۆم بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی خەباتی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی پێکرد.

ووتاری کردنەوەی پلینۆم لەلایەن هاوریێ عوسمانی حاجی مارفەوە پێشکەشکرا کە تێیدا ئاماژەی بە بایەخی سیاسی و ڕێکخراوەیی پلینۆمی ٣٢ی کۆمیتەی ناوەندی کرد کە لە هەلومەرجێکی سیاسی هەستیاری عێراق و کوردستاندا دەبەسترێ. دواتر بەرنامەی کارو ڕێساکانی بەڕێوەچوونی کارەکانی پلینۆم پەسەندکران و کۆبونەوەکە دەستی کرد بە کارەکانی خۆی.

بڕگەی یەکەمی پلینۆم بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکانی حزب لەدوای پلینۆمی ٣١ەوە . ئامادەبوان سەرنجەکانی خۆیان لەسەر لایەنە بەهێزو لاوازەکانی کارەکانی ڕابردوو خستەڕوو وە بەشێوەیەکی گشتی پێداگری لەسەر ئەوە کرا کە سەرجەم ئۆرگانەکان و کۆمیسیۆنەکان سەرەڕای ئەوەی کە کاری جدی و لێبڕاوانەیان ئەنجامداوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، بەڵام بەدەریش نەبوون لە کەموکوڕی کەجێگای ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی بەشداربووان بوو.

بۆ لاپەڕە ٢

## ڕۆڵی شیعە لە سیستمی دوای ٢٠٠٣وە



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

چەتەگەری و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا

بەیاننامەی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وکوردستان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڤەنزوێلا

بۆ لاپەڕە ٥

بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی ئێران !

بۆ لاپەڕە ٦

بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست / خەتی رەسمی دەبارەی نارەزایەتیەکانی ئێران

بۆ لاپەڕە ٧

ڕێکەوتنی هەسەدە و حکومەتی دیمەشق!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٩

وەڵامێك بە رەخنەكانی هاوریێ موئەیەد ئەحمەد لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق......

موحسین کەریم

بۆ لاپەڕە ١١

لیۆن ترۆتسکی: مێژووی شۆڕشی ڕووسیا

بەرگی یەکەم: ڕووخاندنی تزاریزم/ بەشی ١٥

بەلشەفییەکان و لینین

(بەشی هەشتەم و کۆتایی)....لاپەڕە ١٩

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی....... ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی ٣٢ی کۆمیتەی ناوەندی حزب

بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی دۆخی حزب و جێگاوپێگەی سیاسی لەناو کێشمەکێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و دەرکەوتنی حزب وەکو هێزێکی سیاسی کۆمۆنیستی دەخالەتگەر. لەوبارەوە ئاماژە بە کەموکوڕیەکان کراو بڕیار درا کە مەکتەبی سیاسی داهاتوو بەڵگەنامەی نەخشەکار و ئەولەیەتە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی حزب ئەمادەبکات بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە حزب دەباتە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە دەوری شایستەی خۆی بگێڕێت وەکو هێزێکی ئاڵوگۆڕبەخشی کۆمۆنیستی.

بڕگەی سێهەمی پلینۆم بریتی بوو لە کۆبەندی لە تاکتیکی حزب دەربارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان و پێداگری لەسەر دروستی ئەو سیاسەتەی حزب هاوکات، ئاماژەکردن بو ئەو هەڵەو کەموکوڕیانەی لە بواری عەمەلیکردنەوەی ئەو تاکتیکەدا گیرایەپێش. هەر لەوبارەیەوە بڕیاردرا کە بەشێوەیەکی گونجاو ئەو کۆبەندیە لەئاستی کۆمەڵگادا بڵاوبکرێتەوە.

بڕگەیەکی دیکەی پلینۆم بریتی بوو لە لێکدانەوەی دۆخی سیاسی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو پێشهاتە سیاسیە تازانەی لەئاستی ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا بەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا هاتوونەتە ئاراوەو پرسی قەیرانی حکومەتی و هەنگاوە سیاسی و عەمەلیەکانی حزب. هەر لەوبارەوە بڕیاردرا کە بەڵگەنامەیەکی سیاسی لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە ئامادەو بڵاوبکرێتەوە.

بەندێکی دیکەی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە پرسی ڕێکخراوەی کرێکاری و کارو هەنگاوەکانی کۆمیسیۆنی کاروباوری کرێکاری. پاش قسەوباسی بەشداربوون، لەوبارەشەوە بڕیاری گونجاو درا بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی کۆمیسیۆن و بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار لەناو کرێکاراندا‌و هەروەها چڕکردنەوەی هەوڵەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ لەبواری ڕێکخستنی جەماوەری و غەیرەحزبی کرێکاراندا.

بەندێکی دیکە قسەوباسکردن بوو لەسەر دیارکردنی کاتی کۆنگرەی حەوتەمی حزب. هەروەها لە بڕگەی بڕیارەکاندا کۆمەڵێک بڕیاری پێویست دران بەئاراستەی جێبەجێکردنی ئاراستەو جیهەتگیریەکانی باسەکانی پلینۆم.

لە بڕگەی کۆتاییدا کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بە دەنگی سەرجەم ئامادەبوان هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف وەکو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. هەروەها ئەم هاوڕێیانە وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران( ڕێبوار ئەحمەد، موحسین کەریم، خەسرەو سایە، دەشتی جەمال، شاباز مەحمود، عبدللە مەحمود، ڕێبوار عارف، ئالان مارف، جەمال موحسین، فوئاد صادق و ئازاد مەجید).

دواتریش وتاری کۆتایی پلینۆم لەلایەن هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفەوە پێشکەشکرا و کارەکان و بڕیارەکانی پلینۆم و ئامادەییەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەئاراستەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی داهاتوو بە ئەرێنی و جدی پێناسەکرد. بەوجۆرە پلینۆمی ٣٢ی کۆمیتەی ناوەندی حزب بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

ئەمڕۆش ڕیکەوتی ١١ی کانونی دووەم/ جەنیوەری مەکتەبی سیاسی یەکەم کۆبونەوەی خۆی سازدا و تاووتوێی چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پلینۆمی کردو بڕیاری پێویستی لەبارەیانەوە داو هەروەها کاردابەشکردنی ناوخۆیی مەکتەبی سیاسی دەستنیشانکرد.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١١ی کانونی دووەم/ جەنیوەری**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
**عوسمانی حاجی مارف**
00964(0)7701570050
Osman–maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
**دەشتی جەمال**
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
**فواد سادق**
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ڕۆڵی لایەنە شیعەکان لە سیستمی دوای ٢٠٠٣وە

## عوسمانی حاجی مارف

ئەو سیستەمەی لە دوای ٢٠٠٣ وە لە عێراقدا دامەزرا، بەناوی بنەمای مۆدێلی دیموکراسی، هێزی میلیشیایی نەتەوەیی و تائیفی و ئیسلامی، دەسەڵاتی بڕیاردانیان هاوبەش بوو. ئەم ڕەوتە دەستی بە جۆرێک لە هەڵکشان کرد، لەکاتێکدا هێزو لایەن و فراکسیۆنە شیعەکان، وردە وردە دەسەڵاتی دەوڵەتیان لە سەر حسابی گروپە نەتەوەیی و تایەفەگەریەکانی تر چەسپاند و فراوانتر بون، بە بیانوی بەهێزکردنی سەروەری عێراق و ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت. هاوکات ڕۆڵی ئێران لە دارشتنی کایە سیاسی و ئەمنیەکانی عێراق، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد.

پرۆسەیەک دەگوزەرا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا، لەهەمانکاتدا هاوکات بوو لەگەڵ دابەزینی نفوزی ئەمریکا و کردنەوەی دەرگا بۆ نفوزی ئێران، دواتر هاوکاتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشهات، ئاکامی توندبونەوەی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆدەنگی هێزو لایەنی"عەرەب و کورد، شیعە و سونە" وە، ململانێی بەردەوام و ناجێگیری لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی دەوڵەتدا.

لە ساڵی ٢٠٠٣ وە عێراق نەیتوانیوە دامەزراوەی بەهێز بنیات بنێت، کە توانای دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی هەبێت بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی. دەوڵەت تائێستا دیدێکی هەمەلایەنە و پلانێکی درێژخایەن و یەکگرتوو و ستراتیژی نییە، بۆ ڕێنمایکردنی کردار و سیاسەت و شێوەی گەشەپێدان، لەم چوارچێوەیەدا، کابینەی لایەنەکانی شیعە بەپێی دەستوور بەهێزترین دامەزراوەی جێبەجێکاریە لە عێراقدا، بە ئاشکرا ئاراستەی سیاسی دەوڵەتیان لە قاڵبداوە و سیاسەتێکی یەکگرتوی لەسەر بنەمای دید و ئایدۆلۆژیای کەسایەتیە باڵادەستەکان یان هێزە باڵادەستەکانی شیعە جێبەجێکردووە، بۆ نموونە ئیبراهیم جەعفەری یەکەم سەرۆک وەزیران، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، دیدگایەکی ئیسلامی گرتەبەر و مەیلی بەدواداچوونی جۆرێک لە هاوسەنگی پراگماتیکی هەبوو، دواتر لە هەلومەرجی سەربازی و سیاسی ئەمەریکادا، مالیکی دووەم سەرۆک وەزیرانە، تا ئێستاش کەسایەتیەکی دیارە لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا، مەیلی هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێران و گرێدانی عێراقە، بە چارەنوسی کۆماری ئیسلامیەوە.

حەیدەر عەبادی جێنشینی مالیکی، لەبەرامبەر هەڕەشەی تیرۆر و ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، هەوڵیدا هاوسەنگیەکی گونجاو لەنێوان دەستەبەرکردنی پشتیوانی ئەمریکا و هاوکاری لەگەڵ میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران دروست بکات.

ئەم ڕێبازە لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدی و مستەفا کازمی، هەڵوێستی زیاتری لایەنگری ئەمریکایان گرتەبەر و مامەڵەیان لەگەڵ ئێران و دەخالەتی لە عێراقدا کرد. لە کۆتایدا محەمەد شیاع سودانی، بەدوای نارەزایەتی ڕاپەرینەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣وە، کە سەرەتا کاندیدکرا و لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگیەوە پاڵپشتی کرا، بەڕوونی ڕایگەیاند کە سیاسەتی ئیدارەکەی لەسەر بنەمای بێلایەنی و پاراستنی هاوسەنگیەکی گونجاو لە نێوان بەرژەوەندیە ناوخۆییەکان و پاڵپشتی ئێران و فشارەکانی ئەمریکادایە، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا شایانی باسە لەبەر ئەوەی باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا زیاتر سایەی کردوە، ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیەی نێوان ئەمریکا و ئێراندایە بۆ هیچ لایەنێکیان ئاسان نەبوو.

ڕەوتی سەدریش بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی دامەزراوەی سیاسی لایەنەکانی شیعەی عێراق هەژمار دەکرێت، موقتەدا سەدر خۆی وەک کەسایەتیەکی ئایینی و سیاسی دژە دامەزراوەکان نیشان دەدات، کە کێبڕکێ لەگەڵ کوتلە لایەنگرەکانی ئێران دەکات، بە بایکۆتکردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری و گردبونەوە لە شەقامەکاندا، ئەمەش چەندینجار ماڵی هێزو لایەنی شیعەکانی وەک یەک بەرە لاواز کردووە.

دەنگهێنانەوەی لیستی سودانیش ئەوە دەردەخات، بەشێک لە دەنگدەرانی شیعەی عێراق خوازیاری پاراستنی ئەو هێڵە سیاسیەی ئێستان کە سودانی نوێنەرایەتی دەکات، سودانی لەژێر دروشمی "عێراق یەکەم" خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید کردوە و تارادەیەک خۆی لە هەڵوێستە تائیفیە ئاشکراکان بەدوور گرتوە و پەیامێکی گەیاند کە دابەشبونە نەتەوەیی و تائیفیەکانی تێپەڕاندووە. بەمپێیە بەرنامەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی لەسەر گەیشتن بە ئاوەدانکردنەوەی بەردەوام و بەهێزکردنی ئابووری و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی سەقامگیری و ئاسایش بوو. بۆ ئەم بەرنامانە بە پێویستی دەزانن کە ژینگەیەکی سەقامگیر و پارێزراو لە عێراقدا بپارێزن!.

لەو چوارچێوەیەشدا یەکێک لە دەستکەوتەکانی حکومەتی پێشووی سودانی توانای ئەوەی بوو کە عێراق نەکێشێتە ناو ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی نێوان ئیسرائیل و ئێران، بەو پێیەی زۆرێک ترسیان لەوە هەبوو کە کردوەوە و هەڵوێستی میلیشیاکانی لایەنگری

ئێران، عێراق بکاتە ئامانجی داهاتوی ئیسرائیل. هەروەها ئەوە دەردەکەوێت بەشێک لە دەنگدەرانی شیعە کەسایەتی تەکنۆکراتیان پێ باشترە کە سەرنجی لەسەر خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریە گشتیەکان بێت، وە توانای هەبێت بەرامبەر ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان داخوازی ناوخۆیی بۆ سەروەری و داخوازیە نێودەوڵەتیەکان بۆ خۆگرتن لە نفوزی ئێران، وە یەکلاکردنەوەی ستراتیجی بەدوادا بێت.

لەبەرامبەردا لایەنەکانی تری"چوارچێوەی هەماهەنگی" ئێران، وەک سپۆنسەری سەرەکی ڕەهەندی سیاسی، ئەمنی و سەربازی شیعەگەری، لە عێراقدا دەروانن. هەروەها عەلی خامنەیی بە ئاماژەیەکی سەرەکی، خۆیان بە نەریت و ڕێبەری ڕەهای ئیسلامی شیعەی جیهانی دەزانن.

ئەوەی شایانی باسە، هێز و لایەنە سیاسیە سوننەکان نەیانتوانیوە دیدێکی سیاسی ڕون و یەکگرتوو، بۆ پرۆسەی سیاسی فراوانتر لە عێراقدا بخەنەڕوو، پەیامی سیاسی سوننە، تیشکیان خستۆتە سەر گرژی نێوان خۆیان و لایەنە کوردیەکان، لایەنە کوردیەکانیش بەتایبەتی بارزانی لە هەمان سەرچاوەی پشتیوانی ناوچەی سونە سودمەندە کە تورکیا و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیە.

زۆرێک لە هێزی سوننەکان پێیانوایە لە ئاکامدا زلهێزە ئیقلیمیەکان، هەوڵی لاوازکردنی لایەنە کوردیەکان دەدەن لە عێراقدا، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی پرسی کورد و ناوچەکە و خواستی دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو و تورکیا بۆ بەهێزکردنی سوننەکان لە عێراقدا لەسەر حیسابی کورد.

بارزانی و تاڵەبانی تارادەیەک گرژیەکانی قۆناغی دوای ڕیفراندۆمیان تێپەڕاندووە و بە تەواوی، تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسی عێراق بون وچارەنوسی خۆیان گرێداوە بە بەغداوە، لایەنە کوردیەکان و شیعەکان، وەک دوو لایەنی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی سەدام، دوای داگیرکاری ئەمریکا و وێرانکردنی عێراق، ڕۆڵی سەرەکیان بوو لە بنیاتنانی حکومەت عێراقدا، لە دوای ٢٠٠٣وە بەشداریان کردوە لە پێکهێنانی ناوەندی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لە ڕێگەی ڕێکخستنی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، لەسەر بنەمای مەزهەبی و تائیفی و قەومی، بەڵام ئەم پەیوندیە وردە وردە دەستی بە تێکچوون کرد، ئەم تێکچونە لەژێر کاریگەری ناڵەباری و ئاڵوگۆڕ لە دۆخی سیاسی ناوچەکە و گۆڕینی ئاستی هاوسەنگی لایەنەکان و شەڕو ناکۆکی لەسەر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکان و فراوانکردنی نفوزیان، عێراق و کوردستانیان لە گێژاو و نائارامی سیاسی و نەبونی ئاسایشدا ڕاگرت.

سەرهەڵدانی ڕژێمێکی سوننە لە سوریا بە پشتیوانی تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو و سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ، دواتر لاوازی جیۆستراتیژی تاران، لەدوای لە شەڕی دوانزە ڕۆژەدا، کەشێکی ناجێگیری بۆ زۆرێک لە لایەنە شیعەکانی عێراق دروستکردوە و لەلایەکی تروە فشاری هەڵوەشانەوەی هێزە میلیشیاکانیان لەسەرە، لایەنە شیعەکانیش دۆخێکی ئاڵۆز و نائارام بەسەر دەبەن، وەک دەبینین قەیرانێک بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئێستای بەغداوە دیارە، لەهەمانکاتدا دەتوانین بڵێین بەهەر هەوڵێک بگەنە پێکهێنانی حکومەت، ناڵەبارترین و نەگونجاوترین حکومەت دەبێت لە تەواوی دەورانی دەسەڵاتی ئەو حکومەتانەی لە ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ پێکهێنراون.

گومانی تیانیە کە حکومەتی داهاتوی دوای ئەم هەڵبژاردنەی ١١سێپتەمبەری ٢٠٢٥، ڕوبەڕوی دۆخێکی یەکجار سەخت دەبێتەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیەک لە نێوان ڕازیکردنی ئەو گروپە شیعانە و ڕازیکردنی جەماوەری ناڕازی کە بە گشتی ڕەتیان دەکەنەوە. لەهەمانکاتدا، بەجیا لە کێشەکانی نێوان خۆیان واتە چوارچێوەی هەماهەنگی، ناچار دەبن لەگەڵ فشاری ئەمریکیەکان و نێودەوڵەتیەکان، تەنانەت ناوچەییەکانیش، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گروپە چەکدارانەی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا ململانێ دەکەن. هەر لەم پەیوەندیەدا، ڕۆژانی داهاتوو ڕادەی کاریگەری سیاسی ئەم گروپانە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ و کاریگەریەکانیان لەسەر هەڵبژاردنی پۆستە سەرەکیەکانی سەرکردایەتی کە ئێستا لەژێر گفتوگۆدان ئاشکرا دەبن.

لەلایەکی تریشەوە بارگرژی دۆخی کۆماری ئیسلامی ئێران، کاریگەری زیاتر لەسەر ئایندەی دەسەڵاتی تەواوی لایەنەکانی شیعە و دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی بەو ئاراستەیە دادەنێت، کە عێراق دەخاتە سەر لێواری دەورانێکی تازە لە گێژاوی سیاسی و فەراهەمهێنانی ململانێییەک کە هاوسەنگی لایەن و هێزە سیاسیەکان لە ئیدارەی حکومەتدا دەگۆڕێت.

بەهاتنەناوەوەی کۆمپانیا نەوتیە ئەمریکیەکان پەیوەندی نێوان بەغدا و واشنتون لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەتەواوی گۆڕا، دیارترینیان کۆمپانیای( شیڤرۆن)، بۆ ناو دڵی کێڵگە نەوتیەکانی عێراق لەڕێگەی گرێبەستی بەرفراوانەوە. ڕەنگە ئەم وەبەرهێنانانە وەک دەرفەتێک دەرکەون بۆ بوژاندنەوەی ئابووری، بەڵام ڕێڕەوێکە ناچاری وابەستەیی بە ئەمریکاوە بەرجەستە دەکات.

واشنتون بەردەوامە لە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی سوپای عێراقیەکان و پێشکەشکردنی پاڵپشتی لۆجستیکی، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێت، ئایا ئەم هاوکاریە تواناکانی دەوڵەت بەهێز دەکات؟، یان وابەستەیی بە زلهێزە دەرەکیەکان بەردەوام دەکات؟ عێراق هێشتا لە مەترسی ئەوەدایە ببێتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێ و یەکلاکردنەوەی پرسەکان، نەک دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری.

★

# چەتەگەری و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا

## بەیاننامەی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وکوردستان

## سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڤەنزوێلا

بەرەبەیانی ئەمرۆ ٣ی کانونی دووەم/ جەنیوەری، دوای چەندین مانگ هەڕەشە و گەمارۆی سەربازی و لەژێر پاساوی تیرۆر و بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە بۆ ناو ئەمریکا، دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی سەرۆکە بەڵتەجی و چەتە و مافیاکەی، ترامپ، لە کردەوەیەکی مافیا و چەتەئاسادا، شاری کاراکاسی پایتەختی ڤەنزوێلای دایە بەر پەلاماری ئاسمانی. هاوکات لە کردەوەیەکی مرۆڤدزین و مافیاییدا سەرۆکی ئەو وڵاتە، مادورۆ و هاوسەرەکەی ڕفێنران و بەرەو ئەمەریکا گوێزرانەوە.

ترامپ، دوای ئەنجامدانی ئەو کردەوەی ڕفاندنە، بەشانازیەوە باسی لەو تاوانە قێزەونە کرد و وەکو نموونەی توانای بێوێنەی ئەمریکا بۆ ملهوڕی و چەتەگەری و ئینسان ڕفاندن وەسفی کرد. هاوکات ئەوەی ڕاگەیاند کە مادورۆ لە دادگاکانی ئەمریکادا بە تاوانی پشتیوانی تیرۆر و قاچاخچێتی بە بازرگانی مادەی هۆشبەر ڕووبەڕووی دادگاییکردن دەبێتەوە و تا ئەو کاتەی حکومەتێک دادەمەزرێت کە بتوانێ دۆخی سیاسی هێوربکاتەوە، ئەمریکا خۆی ڤەنزوێلا بەڕێوەدەبات!

ئەم ملهوڕی و شەقاوەچێتیەی ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، بەرامبەر بە وڵاتێکی تر جگەلەوەی لێدانی دوایین شەقە لە یاسا باوە نێودەوڵەتیەکان، هاوکات درۆی "سەروەری دەوڵەتانی دیموکراسی" لەقاو دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە مادورۆ و حکومەتەکەی لە هەڵبژاردنێکدا و بەپێی بنەماکانی دیموکراسی بۆرژوایی و بەبەرچاوی ئەو دەزگایانەوە کە گوایە پارێزەری "دیموکراسی و ئاسایشی جیهانی"ن دەسەلاتی بەدەستەوە گرتووە.

لەڕاستیدا ئەوەی بۆ سەر ڤەنزەوێلا بەڕێخرا نیشانەی دەستپێکردنی قۆناغێکی ترسناکە. قۆناغێک کە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا و نەریتی چەتەگەری و ئینسان ڕفاندن، لەپاڵ لەشکرکێشی و سەپاندنی جەنگ و داگیرکاریدا دەکاتە کردەیەکی ڕەسمی دەوڵەتانی ئیمپریالستی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لەپێناو دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و کۆنترۆڵی جیهان و بازاڕ و سەرچاوە ئابوریەکاندا بەئاراستەی سازدانەوەی سەرمایەداری بەوجۆرەی کە چینی بۆرژوازی و دەوڵەتانی دەیخوازن.

ڕووداوی ڕفاندنی سەرۆکی وڵاتێک لەلایەن ئەمریکاوە هیچ پاساوێکی نییە! ئەمریکا یەکەم وڵاتی دنیایە کە دەزگا بەدناوەکەی (سی ئای ئەی) لەسەراسەری دنیادا کردەوەی تیرۆریستی و ڕفاندن و پیلانگێری دژی دەوڵەتانی نەیاری خۆی بەڕێوەبردووە. یەکەم دەوڵەتی دنیایە کە پشتیوانی لە دیکتاتۆرەکان و باندە ئینسانکوژەکان کردووە، کە دوا نموونەی تالبان لە ئەفغانستان و ئەحمەد شەرعە لە سوریا. ئەمەش نەک هەر بووەتە هۆی مایەی سەپاندنی دەستەوتاقمی تیرۆریست و ئینسانکوژ بەسەر چارەنوسی کۆمەڵگاکاندا، بەڵکو هێندەی تر ڕاکێشانی جیهانە بۆ ناو تونێلێکی تاریک.

ترامپ و ئەمریکا مافی ئەوەیان نییە خۆیان بکەنە کوێخای خەڵکی ڤەنزوێلا، لەکاتێکدا پاشخانی خۆیان هەمووی تاوان و کوشتارە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی. هاوکات سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمەکان لەلایەن ئەمریکاوە بەناوی گواستنەوەی دیموکراسی و دژایەتیکردنی دیکتاتۆرەکان، نەک هەر قسە و بانگەشەیەکی پووچە، بەڵکو خەڵکی عێراق و ئەفغانستان و سوریا و... بە قیمەتی کاولبوونی کۆمەڵگاکان و کوشتاری سەدان هەزار کەس تەجروبەیان کردووە.

ترامپ بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە دەیانەوێ دەستبگرن بەسەر نەوتی ڤەنزوێلادا و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەمریکا خۆی ڕاستەوخۆ ڤەنزوێلا بەڕێوەدەبات، بەڵگەیەکی ڕاشکاوە بۆ داگیرکاری و ئەم چەتەگەری و تالانچێتیە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترامپ، دەیەوێ لە نیوەگۆی ڕۆژئاوای زەوی، کە بە باخچەی پشتەوە و زەوی بەپیتی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکای دادەنێت، نفوزی ڕوسیا و چین، وەکو دوو جەمسەری ڕکابەری ئیمپریالیستی لاواز بکات. داگیرکردنی ڤەنزوێلا هەنگاوێکە بەو ئاراستەیەدا و ئەگەری ئەوەی کە وڵاتانێکی دیکەی ئەمریکای لاتین کە ئامادەنین سەریان بۆ ئەمریکا دابنەوێنن، ڕووبەڕووی هەمان شەقاوەچێتی و ملهوڕی ببنەوە، مەسەلەیەکی دوور نییە.

بەڵتەجیەتی ئەمریکا دژی خەڵکی ڤەنزوێلا نیشانەی ئەوەیە کە جیهان لەژێرسایەی ئەم بلۆکە ئیمپریالیستیانەدا و بەتایبەتی ئەمریکا و سەرۆکە شەقاوەکەیدا ئایندەیەکی تاریکی دەبێ ئەگەر چینی کرێکاری جیهانی نەیەتە مەیدان بۆ پێشگرتن بەم چەتەگەری و مافیا ڕەسمی و دەوڵەتیەی ئەمریکا!

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

٣/١/٢٠٢٦

# هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان هاودەنگی و پشتیوانی خۆیان بۆ ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەریەکان لەئێران ڕادەگەیەنن.

ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئێران، پێینایە ڕۆژی شەشەمی خۆیەوە، ئەم ناڕەزایەتییانە کەتەعبیرە لەتورەیی وبێزاری فراوانی جەماوەر بەرامبەر بەبەرینبونەوەی بازنەی هەژاری و نەداری ونەمانی ئاسایشی خۆراکی وبژێوی و گرانبونی نرخی کاڵاکان و هەڵکشانی ڕێژەی هەڵاوسان و دابەزینی بەرچاوی بەهای تمەن بۆ ئاستێکی بێوێنە، کەبووەتە مایەی مەحرومیەتی گشتی بۆ خەڵک، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو لەکۆمەڵگەی ئێراندا سەریهەڵداوە.

ئەم ناڕەزایەتییانە، کە هەتادێت ڕوو لەفراوانبونەوەدەکات وچین و توێژە جیاجایاکانی کۆمەڵگا پێوەی پەیوەستدەبن، لەوانەش کاسبکاران وخوێندکارانی زانکۆ وسەندیکا پیشەییەکان، بەدوای زنجیرەیەک مانگرتنی کرێکارانی کەرتی نەوت و گازو پیشەسازی پترۆکیمیایی و شەکردا دێت، سیمایەکی نوێی بەدەستەوەداوە. ئەمەش دیمەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز لەخەباتی چینایەتی لەئێراندا دەخاتەڕوو.

ڕژێم لەجیاتی وەلامدانەوە بەداخوازییە ڕەواکانی جەماوەری ناڕازی بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و بەدەستهێنانی ئازادییەکان و کۆتاییهێنان بەسیاسەتی کوشتار وسەرکوت، پەنای بردووەتە بەر بڵاوپێکردنی هێزە ئەمنییەکانی خۆی لە دەیان شاردا کەناڕەزایەتی جەماوەری بەخۆیەوە گرتووە. ئەمەش هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی ناڕازی، لەڕێگەی کوشتن و گرتن ودەستبردن بۆ سیاسەتی سەرکوتگەرانە، کەهەمیشە کۆماری ئیسلامی بۆ بێدەنگکردنی هەر دەنگێک کەناڕازییە بەسیاسەتە ئابورییەکانی، پەنای بۆبردووە.

بێگومان ئەم ناڕەزایەتییانە لەکاتێکدایە کەگۆڕانکارییەکی سیاسییە قووڵ ڕووی لەناوچەکە کردوە، کەلەسایەیدا ئەو ڕۆڵ ونفوزەی کەکۆماری ئیسلامی ئێران لەسالانی ڕابردوودا لەڕێگەی میلیشیاکان و هاوپەیمانەکانیانەوەو لەسەر حسابی بەتالانبردنی ڕەنجی چینی کرێکارو زەوتکردنی خۆشگوزەرانی خەڵکی ئێران بەدەستی هێنابوو، ڕووی لەداشکان وپاشەکشەکردووە. لەدرێژەی هەر ئەمدۆخەشدایە کە ئەمریکا کەوتوتە هەوڵدانی پشتیوانی چەواشەکارانە لەناڕەزایەتیەکان، -لەکاتێکدا ناسراوە بەپشتگیریکردن لەڕژێمە فاشیستەکان، کەدیارترینیان دەوڵەتی ئیسرائیلە- تا خۆی وەک بەرگریکاری مافی مرۆڤ و پاڵەوانی داواکارییەکانی خەڵکی ئێران نیشانبدات ولەم ڕێگەیەوە هەڕەشەو دەستێوەردانی ئاشکرا بۆ سەپاندنی دۆخی جەنگو نائارامی بکات، وەک هاوشێوەی ئەوەی لەڤەنزویلادا جیهان شایەتی بوو.

ئێمە حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی عێراق و کوردستان وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ داخوازییە ڕەواکانی چینی کرێکاری ئێران و جەماوەری تامەزرۆی ئازادی و ژیانێکی پڕ لەشکۆمەندانە، هاوکات هەرجۆرە سیاسەتێکی ئەمریکا وئیسرائیل بۆ دەستوەردان لەم دۆخەدا سەرکۆنە دەکەین، چونکە کارێکی وا ڕاستەوخۆ لەدژی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری بێبەشی ئێرانەو تەنیا خزمەت بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکات وپاساوێک دەداتە دەست ڕژێم بۆ پەلاماردان وسەرکوتکردنی زیاتری ناڕەزایەتییەکان.

جەماوەری عێراق ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا هەیە، کەچۆن ولاتەکەی گۆڕیووە بۆ مەیدانی پەرەگرتنی تیرۆر وکوشتاری مشتێک لەدز وتالانچی تا لەسەر پشتی لەشکرکێشی و داگیرکاری ئەمریکاوە بلەوەڕن و نزیکەی دوو دەیەیە کۆمەڵگای عێراق لەگێژاودا ڕابگرن.

بێگومان هەر ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە، هەر پێشکەوتنێکی بەرجەستەو هەر سەرکەوتنێک بۆ ناڕەزایەتییەکان لەئێراندا، پەیوەستە بەپاراستنی سەربەخۆیی خەباتی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش خۆیانەوەو جیاکردنەوەی ڕیزەکانیان لەسیاسەتی ئیمپریالیستی ئەمریکاو ڕاگرتنی ڕیزی یەکگرتوویی چینایەتی و جەماوەریی خۆیان بەرامبەر بەڕژێمی سەرکوتگەری ئیسلامی لەئێران.

**بژی چینی کرێکاری ئێران!**
**بژی داخوازی دادپەروەرانەی جەماوەری ئێران بۆ ئازادی و یەکسانی!**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**
**٤ کانونی دووەم ٢٠٢٦**

# گۆڕتان گووم بکەن و واز لە خەڵکی ئێران بهێنن!

هەفتەیەک بەسەر نارەزایەتیەکان لە دژی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار و گرانیی لەڕادەبەدەر و هەڵاوسانی نرخەکان تێدەپەڕێت. نارەزایەتییەکان لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٥ بە مانگرتنی بازاڕ و بازرگانانی تاران دەستی پێکرد و لە شارە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا تەشەنەی کرد. کۆماری ئیسلامی بە پێدانی ئیمتیاز بە کاسبکاران و هاوپیشەکانیان سەرکەوتوو بوو لە هێورکردنەوەی بازاڕدا. بە لام نارە زایەتیەکان لە دژی هەژاری و نەهامەتی و گرانیی لەرادەبەدەری نرخە کان نە لە بازاڕەوە دەستی پێکرد وە نە تە نیا بە بازاڕەوە سنوورداربووە. کۆمەڵگای ئێران لە مێژە شوێنی ململانییەکی سەرتاسەری لە نێوان چینی کرێکار و چینی زەوتکراوی کۆمەڵگا و خەڵکی ئازادیخواز لە دژی بۆرژوازی ئێران و حکومەتەکەی، دژی هەژاری، گرانی، بێمافی، سوکایەتیکردن بە ژنان، زیندانیکردن، لە سێدارەدان و ستەمکاری بووە. هاتنی کاسبکاران و هاوپیشەکانیان بۆ ناو نارەزایەتی بەرامبەر بە گرانی، دەربڕینی قووڵایی ئەو کارەساتەیە لەم کۆمەڵگایەدا هەیە، کە تەنانەت وایکردووە کاسبکارانیش بێنە دەنگ.

لەگەڵ دەستپێکردنی مانگرتنی کاسنکاران و هاوپیشەکانیان و تەشەنەسەندنی بۆ زانکۆکان و نارەزایەتییەکانی شارە جۆربەجۆرەکانی ئێران، حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بە بێشەرمییەکی تەواو و وەکو هەمیشە، هەوڵیان دا ململانێ کۆنەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێراندا هەڵبواسن. هەوڵیاندا جارێکی دیکە لە بەرگی "بەرگری" لە خەڵکی ئێراندا، گوشارەکانیان لەسەر کۆماری ئیسلامی پاساوبدەن. سەرانی حکومەتی تاوانکاری ئیسرائیل، بکوژانی سەدان هەزار کەس لە فەلەستین و ناوچەکە، ئالای "پشتیوانی"یان بۆ خەڵکی ئێران بەرزکردەوە. ئەمجارە دەزگای سیخوڕی ئیسرائیلی "موساد"، ناوەندێک کە لە ئاستی جیهانیدا وەکو وێرانکەرترین ناوەندی تاوان و تیرۆر و جینۆساید جێگای نەفرەتی گشتیە، بە بێشەرمیەکی لەڕادەبەدەرەوە ڕووی دەمی کردە خەڵکی ئێران و داوای لێکردن درێژە بە نارەزایەتییەکانیان بدەن و ئەوانیش پشتیوانیان دەبن!! دۆناڵد ترامپ بەرگی "بەرگری" لە خەڵکی ئێران لەبەرکرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هێرش بکاتە سەر خەڵک، ئەو و حکومەتەکەی ئامادەن هێرش بکەنە سەر ئێران بۆ "بەرگری" لە خەڵک! دواتریش مایک پۆمپیۆ، بەرپرسی پێشووی سی ئای ئەی و وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، بە بیانووی "بەرگریکردن" لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران، بەرگری لە قسەکان وهەڕەشەکانی ترامپ و ئیسرائیل لە دژی ئێران کرد.

لەم نێوەندەدا ڕەزا پەهلەوی و هێزە کۆنەپەرستەکەی کە پارێزەری هێرشێکی سەربازییە بۆ سەر ئێران، جارێکی دیکە زیندووبوونەتەوە و کەوتوونەتە جموجوڵ و لە بازنەی ئەمنی و لۆبیی حکومەتەکانی ڕۆژئاوادا بەناوی "ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵکی ئێران"ەوە چالاک بوون. ڕەزا پەهلەوی بەوپەڕی بێشەرمی و قێزەونانە سوپاسی ترەمپی کردووە کە هەڕەشەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دەکات. کەسێک کە ساڵانێکە زۆرە وەکو هاوکارێکی ناوەندە ئەمنییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و بە ناوی دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیەوە بە فەرمی چاوەڕوانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بووە و شانازی بە کارە شەرمهێنەرەکەیەوە دەکات، لەم ماوەیەدا بە پەیامی قێزەونەوە ڕووی دەمی کردۆتە خەڵکی ئێران و بەڵێنی "ڕزگارکردن"یان لەڕێگای دەستوەردانی تاوانکارترین حکومەتەکانی مێژووی جیهان، ئەمریکا و ئیسرائیل، بە بۆردومان ئێران پێدەدات. پەهلەویە نوێیە فاشیستەکان بۆ گۆڕینی ڕەزا پەهلەوی، ئەم توخمە بێریشە و بێناوبانگە، ژەنەراڵی بێسەرباز، بە "ڕێبەری هەڵبژێردراوی خەڵک"، دەستیانکرد بە ساختەکردن و دەستکاریکردنی فیلمی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە ئێران و دانانی دروشمی خۆیان بۆ بەرگریکردن لە "شازادە" لەسەریان و بڵاوکردنەوەی لە کەناڵی ڕاگەیاندنی فەرمی خۆیان، دەزگای بێئابڕوی بڵاوکردنەوەی درۆوە. بەڵام ئەم کردەوانە، زیاتر لە جاران، نەک بێ ئیعتباری، ساختەچێتی، چەواشەکاری و هاوکات بێکاریگەربوونی بزووتنەوەی پاشایەتی ئاشکرا کرد، بەڵکو نەفرەتی خەڵکیان بۆخۆیان و هاوکارەکانیان زیاترکرد. دروشمەکانی "نە ڕابەری، نە پەهلەوی، ئازادی و یەکسانی" جارێکی دیکە لە نارەزایەتییەکاندا دەنگی دایەوە.

ئەو حکومەتانەی تۆمارێکی ڕەشیان هەیە لە کوشتن و بۆردومانکردنی خەڵکی بێتاوان لە کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، عێراق، ئەفغانستان، لوبنان، یوگۆسلاڤیا، سوریا، لیبیا و...، ئەمڕۆ بە دروشمی "بەرگریکردن" لە خەڵکی ئێرانەوە هاتونەتە مەیدان و ناوی کەسایەتییەکی بێبەهای وەکو ڕەزا پەهلەوی وەک "نوێنەری" خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بڵاودەکەنەوە، شتێک کە نەفرەتێکی قووڵی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی وروژاندووە بۆتە دەستمایەیەک بەدەستی کۆماری ئیسلامیەوە لە دژی ئەوان.

هێرشی ئیدارەی ترەمپ بۆ سەر ڤەنزوێلا و تیرۆری ئاشکرای دەوڵەتی و ڕفاندنی بێشەرمانەی مادۆرۆ و هاوسەرەکەی و هەڕەشەی دووبارە هێرشکردنە سەر ئەم وڵاتە و بەڕێوەبردنی لەلایەن

حکومەتی ئەمریکاوە تا ماوەیەکی نادیار، دوا دەستە گوڵی "دیموکراسی" ڕۆژئاوا و دیاری ترەمپە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە.

ڕووخساری قێزەونی حکوومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل، تیرۆر و کوشتنی بێپەردە و تاوانەکانیان لە ناوچەکە و جیهاندا، ملهوڕی و شەڕخوازی ئاشکرایان و بوکەڵە بێبایەخەکانیان لەوانە ڕەزا پەهلەوی و دۆستەکانی، مایەی نەفرەت و بێزکردنەوەی قووڵی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانە.

خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، کرێکاران، ژنان، نەوەی گەنجی ئازادیخواز و بێبەشەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەزاران جار خۆ بە"ڕزگارکەر" ناوبەرانی ئەمریکا و ئیسرائیلیان ڕەتکردۆتەوە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە خەباتێکی سەرتاسەریدایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئازادی و بۆ ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی. لە ڕوانگەی ئەم خەڵکەوە حکومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان و لایەنگران و بوکەڵەکانیان لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا لە ڕیزی دوژمنە ڕاستەقینەکانیاندان. سیاسەتەکانیان تائێستا لە هەڕەشەی شەڕەوە تا گەمارۆ ئابوورییەکان، لە شەڕی ١٢ ڕۆژە تا هەڕەشەکانی ئەم دواییەیان، گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران گەیاندووە و گەورەترین خزمەتیان بە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەم بزووتنەوەیە کردووە.

پەیامەکانی سەرکردەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و مۆساد لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، گەورەترین دیارییە بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و دەستگیرکردنی نارازییان بە پاساوی "سیخوڕی مۆساد" و "بەکرێگیراوی" ئەمریکا و ئیسرائیل.

خەڵکی ئێران پێویستیان بە پشتیوانی موساد و سەرکردە تاوانکارەکانی ئیسرائیل و چەتە چەکدارە حوکمڕانەکانی ئەمریکا و نۆکەرەکانیان لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا، لەوانەش ڕەوتی بێڕیشەو پەراوێزکەوتوو، دواکەوتوو و چەقۆکێشی پشتیوانی ڕەزا پەهلەوی، نیە. وەڵامی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ ئەم لەشکرە ئەوەیە: گۆڕتان گووم بکەن ودەستبەرداری خەڵکی ئێران بن!

چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا، پێیان ناوەتە ناو قۆناغێکی هەستیارەوە لە ململانێدا لەگەڵ بۆرژوازی ئێران و حکومەتەکەیدا، لەپێناو باشبوونی ژیان و کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، ئازادو یەکساندا، هەروەها لە هەوڵی یەکگرتووکردن و ڕێکخستنی ڕیزی هێزی مەزنی خۆیاندان بۆ سەرکەوتن. خەباتێک کە مۆری خواوۆی داوە لە هەموو گۆڕانکاریە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوورییەکان و هەموو هاوکێشەکانی ئێران و تەنانەت ناوچەکە. خەباتێک کە نەک هەر بۆرژوازی دەسەڵاتدار و حکومەتەکەی، بەڵکو تەواوی کۆنەپەرستەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی، لە ترسی ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەکان بە ڕابەرایەتی چینی کرێکاری هۆشیار، تووشی پەلەقاژەکردووە. بێگومان لەم ڕێڕەوەدا نەک تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی سەرتاسەری لەگەڵ بۆرژوازی ئێران و حکومەتەکەیدا، بەڵکو ئاشکراکردنی پلانە شوومەکانی دەوڵەتە ملهوڕ و شەڕخوازو تیرۆریستیەکان، لەوانەش ئیسرائیل و ئەمریکا و سەربازە سنگ دەرپەڕێنەکانیان لە نێو ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، بەشێکی جیددی هەوڵەکانمانە بۆ ڕزگاری ڕاستەقینە.

**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**

**١٤ی دیماهی ١٤٠٤ - ٤ی کانوونی دووەم. جەنیوەری ٢٠٢٦**

# بنەما فکریەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## لە (بەرنامەی حزب) دنیای باشترەوە

بنەما فیکریەکان و ئامانجی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر بناغەی ڕەخنە لە پایە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکریەکانی نیزامی سەرمایەداری دامەزراوە. ڕەخنەیەک لە دیدی چینی کرێکاری کرێگرتەی ئەم کۆمەڵگەیەوە، هەر بەم پێیەش ڕەخنەیەکی حەقیقی و شۆڕشگێر. دیدی زەحمەتکێشان و بەرهەمهێنەرانی غەیرە پرۆلیتار بۆ ئازادی و یەکسانی و بەختەوەریی مرۆڤ چ لەمرۆدا چ لە کۆمەڵگەکانی پێشوودا، بە ناچاری ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەیە کە بەسەر کۆمەڵگە زاڵە، هەروەها ڕەنگدانەوەی جێوشوێنی خودی ئەوانە لە پەیوەند بە بەرهەمهێنان و خاوەندارێتیەوە. دیدی کۆیلە بۆ ئازادی بە ناچاری زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری تێناپەڕێت و درکی ڕەعیەت یان پیشەوەری بچووکی شار لە یەکسانی ناتوانێ شتێکی زیاتر لە یەکسانیی لە مافی خاوەندارێتی بێت. بەڵام بە سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا وەکو جەماوەری فراوانی بەرهەمهێنەرانی داماڵراو لە هەرجۆرە خاوەندارێتیەکی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، چینێک کە ئەسارەت و چەوسانەوە ئابووریەکەی ڕێک لەسەر بناغەی ئازادیە حقوقیەکەی بنیاتنراوە، ئاسۆی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لەبنەڕەتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پرولیتاریا ناتوانێ ئازاد بێت بێئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشبوونی چینایەتی ڕزگار ببێت. یەکسانی مەسەلەیەکی حقوقیی ڕووت نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا و لەبنەڕەتدا ئابووری کۆمەڵایەتیە.

# ڕێکەوتنی هەسەدە و حکومەتی دیمەشق!

عوسمانی حاجی مارف

گرژیە سیاسی و سەربازیەکانی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەدە بەشێوەیەکی بێوێنە پەرەیسەندوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دانوستان لەنێوان هەردوولادا لە دیمەشق بەردەوامە.

سەرەرای ئاگربەست لە حەلەب، لە دوای پێکدادانەکانی ئەم دواییە، دۆخەکە بە ناجێگیری ماوەتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر کڵپە بسەنێت، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی پابەندنەبونی مەزلوم عەبدی، بە مەرجەکانی رێککەوتنامەی مانگی ئازاری ٢٠٢٥ کە لەگەڵ ئەحمەد شەرع واژۆکراوە، لەو رێکەوتنەدا شەرع دیمەشق بە تاکە چوارچێوەک دەزانێت بۆ هەر چارەسەرکردنێک، ئەمەش لە دنیای واقعدا بۆ هەسەدە و مەزلوم عەبدی قەبوڵ ناکرێت.

کاتێک وەزارەتی بەرگری سوریا و هەسەدە، فەرمانی راستەوخۆیان بۆ هێزەکانیان دەرکرد کە تەقە راپگرن، دوای ئەو تێکهەڵچونە خوێناویەی لە حەلەب رویدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوایکرد لە "کوردەکان"، کە رێگری نەکەن لە یەکریزی و سەقامگیری سوریا!، ئەتوانین بڵێین ئەمە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ ئەو رۆڵەی کە هێزەکانی سەربازی هەسەدە لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا بینیان، لە بەرگرتن بە هێزەکانی حکومەتی سوریا کە دەیانویست ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن. لەهەمانکاتدا پارێزگاری حەلەب، داوای لە هاوڵاتیانی مەدەنی و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەسیحی کرد، کە لەنزیک ناوچەکانی پێکدادانەکاندا نیشتەجێن، بەشێوەیەکی کاتی خۆیان لە گردبونەوە و ئاهەنگێران بەدوور بگرن، تا ئەو کاتەی ناوچەکان پارێزراو دەبن و مەترسیەکان نامێنن.

گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەدە، بەردەوامن بە حساب تا ئەو کاتەی دانیشتنێکی سەرەکی دانوستان لە دیمەشق بەرێوەبچێت، کە تائێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە. گوایە ئەم دانیشتنە بە بەشداری نوێنەرانی سوپای سوریا و حکومەتی سوریا و هەسەدە بەرێوەدەچێت، لەلایەن تۆماس باراک نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا و هەروەها نوێنەرانی تورکیا چاودێری دەکرێت. هەروەها خولی پێشبینیکراوی دانوستانەکان، هاوکاتی سەردانیکردنی هاکان فیدان و وەزیری بەرگری تورکیا بوو بۆ دیمەشق، کە تێیدا دیداری راستەوخۆیان لەگەڵ ئەحمەد شەرع و ئەسعد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سوریا ئەنجامدا.

هەڵبەتە ئەم سەردانە، تایبەت بووە بە تاوتوێکردنی وردەکاریەکانی خولی داهاتوی دانوستانەکان، لەگەڵ هەسەدە و گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر سیناریۆکانی دوای دانیشتنەکە، بەتایبەتی لە ئەگەری ئەوەی کە هەسەدە پێداگری لەسەر رەتکردنەوەی پابەندبونی تەواو بە رێکەوتننامەی ئازاری ٢٠٢٥ دەکات.

گفتوگۆی سەرەتایی، سەبارەت بە دیاریکردنی وادەی نوێ، کە بۆ کۆبونەوە و دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان ئەنجامدرابوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە توشی پاشەکشەی کتوپر بوو لەدوای پەرەسەندنی هێرشی هێزەکانی هەسەدە لە حەلەب و سەرهەڵدانی ئەو پێکدادانانەی، کە بە خوێناوی وەسفکران لەگەڵ یەکەکانی سوپای سوریا، ئاشکرایە دیمەشق پێیوایە ئەم بارگرژیە وەک پەیامێکی سیاسی و ئەمنی راستەوخۆیە لەلایەن هەسەدەوە، واتە رەتکردنەوەیەکە لە پەرەسەندنی فشارەکان بۆ پابەندبون بە رێکەوتنی مانگی ئازار، هەوڵێکە بۆ دەستکاریکردنی کارتەکان پێشەوەی لەسەر مێزی دانوستان دابنیشن.

مەزلوم عەبدی دەڵێت، کۆبوونەوەی داهاتو نوێنەرایەتی خاڵێکی سەرەکی دەکات، کە رەنگە زۆرێک لە کارەکانی دواتری لەسەر بنیاتبنرێت، کۆبونەوەکە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە رێرەوی رووداوەکان دیاریدەکات، واتە یان روبەروبونەوەی سەربازی بەرفراوان، یان گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی نوێ کە پەیوەندی نێوان هەردوولا رێکبخاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەدەرەوەی چوارچێوەی رێککەوتنی ئازاری ٢٠٢٥ەوەیە. دەشڵێت، لەروانگەی سەرکردایەتی هەسەدەوە، ئەم رێکەوتنە ئێستا بەشێوەیەکی کاریگەر پووچەڵە، لەبەرئەوەی چیتر کەمترین داواکاریەکانی هەسەدە بەدیناهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهاتە مەیدانی و سیاسیانەی کە لەدوای واژۆکردنیەوە رویداوە.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی سوریا لایوایە بەهێزبونی هەسەدە، تەنها هەوڵێکە بۆ سەپاندنی واقیعێکی نوێ لە سوریا، بە پێچەوانەی خواستی باڵادەستی حکومەتی سوریاوە، ئەمەش وەڵامێکە بۆ زیادکردنی فشاری سیاسی و سەربازیی لەسەریان، پێش دانیشتنیان لەسەر مێزی دانوستان. لەهەمانکاتدا ئاشکرایە، پرسی تێکەڵکردنی هێزەکانی هەسەدە لە پێکهاتەی سوپای سوریادا، چیتر کراوە نابێت بۆ گفتوگۆ و دانوستان، کە بژاردەی کۆتایی ستراتیژەکەیە، ئەو بژاردەیەی ئەحمەد شەرعیش پەسەندیکردوە، وەک بەشێکی سەرەکی لە هەوڵی پرۆژەی یەکگرتنەوەی دامەزراوە سەربازی و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەموو خاکی سوریادا.

پێکدادانەکانی ئەم دواییەی حەلەب و دەوروبەری، رووداوێکی گۆشەگیر یان تەقینەوەی کتوپری دۆخەکە نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامی کەڵەکەبوی پێشهاتە سەربازی و سیاسیەکان بووە، کە ماوەیەک بوو هێزەکانی هەسەدە چاودێریان دەکرد، ئەم پێشهاتانە

پەیوەستن بەو هەنگاوانەی کە سوپای سوریا بۆ دووبارە جێگیرکردنەوەی خۆی دەیخوازێت، لە نزیک سنوورەکانی ئەو ناوچانەی لەلایەن ئیدارەی خۆسەریەوە، لە باکووری ڕۆژهەلاتی سوریا کۆنترۆڵکراون. سەرکردایەتی هەسەدە بەوردی چاودێری پێشڕەوی یەکەکانی سوپای سووریا و جێگیرکردنەوەیان لە خاڵە هەستیارەکاندا کردووە، لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی سوریا، ئەمەش قەناعەتێکی پتەوی لەناو هێزی هەسەدەدا دروستکردووە، کە دیمەشق تەنیا جێگیرکردنەوەی بەرگری ئەنجام نادات، بەڵکو خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی هەسەدە ئامادە دەکات، ئەگەر پرۆسەی دانوستانەکانی ئێستا شکستی هێنا.

لەم چوارچێوەیەدا، دیمەشق دەیەوێت وێنایەکی وەها بدات بەسەر هەسەدەدا کە ڕێگری لە هەر هەوڵێکی جدی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی نوێ دەکات، هەروەها دەرفەتەکانی دەستپێکردنی پرۆژەی گەشەپێدان یان دەستپێشخەری گەشەپێدانی ئابوری و سیاسی بەردەوام سنووردار دەکات، یان بونی هێزێکی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی دەوڵەت، ژینگەیەکی دوژمنکار بۆ وەبەرهێنان دروست دەکات و بەردەوامی بە ناسەقامگیری ئەدات، بۆیە دیمشق زیاتر جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی هەسەدە دەکات لە ژێر ناوی پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتو بۆ دەوڵەتی سوریا.

حکومەتی سوریا هەوڵدەدات یەکگرتنی دامەزراوەیی تەواو بەدەستبهێنێت کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەپێی پرەنسیپی سەروەری ناوەندی ڕێکبخاتەوە، لەهەمانکاتدا فۆرمێک لە لامەرکەزیەتی ئیداری دەدات بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە. بەلام لەبەرامبەردا هەسەدە مۆدێلێک پێشنیار دەکات کە نزیکترە لە نیشتەجێکردنی تەواوەتی سەروەت و سامانی سەربازی و مەدەنی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی لامەرکەزیدا، ئەمەش گەرەنتی پاراستنیان و بەردەوام بوونیان مسۆگەردەکات، بەتایبەتی کە هەسەدە، وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو لەناو دەوڵەتی سوریادا بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی دامەزراوەیی دەوڵەتی سوریادا.

پێدەچێت خولی داهاتوی دانوستانەکان ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە پەیوەندیەکانی نێوان دیمەشق و هەسەدەدا، واتە یان دەبێتەهۆی یەکلایکردنەوەی کۆتاییەک کە بەپێی مەرجەکانی حکومەت یەکگرتویی تەواو بسەپێنێت، بەدەوری ئەمریکا و سوریا، یان ئەگەر دانوستانەکان شکستیان هێنا، ململانێی سیاسی و تەنانەت شەڕی سەربازی فراوانتر ڕوبدات.

لەنێوان ئەم دوو ئەگەرەدا، چاوی ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی ئەمریکا و تورکیا، لەسەر دیمەشق جێگیرە، هەموو لایەنەکان بۆ خۆپاراستن لە خلیسکان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئاشکراو شەڕی ناوخۆ دەڕوانن، کە بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین دۆخی سوریا و ناوچەکە وەسفی دەکەن.

ئیدارەی ئێستای سوریا هەوڵدەدات سیستمی سیاسی خۆی جێگیر بکات، ڕێگایەک کە خواستەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی هەندێک ئەکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بگونجێنێت، بەلام بژاردەکانی دیمەشق بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هێشتا سنووردارە، بەکردەوە لە گفتوگۆ و دانوستاندا قەتیس ماوە و ئاراستەیەکی یەکلاکەرەوە لەنێو ناکۆکیەکان و دابەشبونی سوریا بە چەند ناوچەیەک و دەسەلاتی ئەحمەد شەرع، فرسەتی بۆ سەقامگیری نەهێشتوەتەوە.

هەوڵدان بۆ ڕادەستکردنی قۆناغ بە قۆناغی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی هەسەدە، دەستپێکردن لە پارێزگای دێرەزۆرەوە، لەوانەش ڕادەستکردنی کێڵگە نەوتیەکانی و تەواوکردنی ڕێککەوتنی حەلەب سەبارەت بە گەڕەکەکانی ئەشرەفیە و شێخ مەقسوود، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی تێکەڵبونی یەکەی سەربازی هەسەدە و سوپای سوریا، ئەم سیناریۆیە پاڵپشتی ئەمریکای هەیە و نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا، تۆماس باراک، بە بژاردەیەکی واقیعی و جێبەجێکراو دەزانێت. ئاشکرایە سیناریۆیەکی لەم چەشنە ئەو ڕێڕەوەیە کە سنوردارکردن یان کۆتایی دەوری هەسەدەی لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی ترەوە لەسەر بنەمای پاراستنی دۆخی ئێستای سوریا، واتە بەردەوامبونی چەقبەستوویی و کەمکردنەوەی گرژیەکان، بەتایبەتی نێوان ئەنقەرە و هەسەدە هەروەها لە نێوان دیمەشق و تەلئەبیب، ئەمەش ڕێگایەکە ئەمریکا لە ئێستادا پاڵپشتی دەکات. لەهەمانکاتدا پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە دارمانی پرۆسەی دانوستان و کردنەوەی دەرگای ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی و شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان هەسەدە و هێزەکانی حکومەتی سوریا بەردەوام بێت، بەلام بۆ ئەحمەد شەرع سەختە بتوانێت بەم ڕێگەیە بەهێزی سەربازی بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر هەموو خاکی سوریادا بەکاری بهێنێت.

لەهەمانکاتدا مێژووی دەخالەتی سیاسی ئەمریکا لە هەر شوێنێکدا، پڕ بووە لە داسەپاندنی کۆنەپەرستی و فەراهەمهێنانی نائارامی و گێژاوی سیاسی، هەروەها شکست هێنان بە هەر ڕێکەوتنێک کە بەرژەوەندیەکانی خۆی تیا بەرجەستە نەبینێت. لەم نێوەدا سیاسەتی ئەمریکا نەک بەرهەڵستی یەکگرتویی سوریا لە ژێر دەسەلاتی تەواوی ئەحمەد شەرعدا ناکات، بەڵکو بە ئاراستەیەکی ئەرێنی و ڕولەپێش مامەڵەی دەکات بۆ یەکلاییبونەوەی تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە سیاسیەی بەسەر دۆخی سیاسی ئێستای سوریادا زاڵە، گەر کۆتایی پێگەی هەسەدەشی لێکەوێتەوە!

★

# وەڵامێك بە رەخنەكانی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد

# لە هەردوو حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان و عێراق

## موحسین كەریم/ كانونی دووەمی ٢٠٢٦

هاوڕێ موئەیەد لە گفتوگۆیەک لەگەڵ بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دەربارەی تاکتیکی بەشداریکردنی هەردوو حزب لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا، لەژێرناونیشانی: "هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، هەڵویستی چینەکان و حزبەکان و چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی تاکتیکی بەشداریکردنی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان"، کۆمەڵێک پرس و بۆچوونی جۆراوجۆر دەوروژێنێ، کە دەهێنێ لەبارەیەوە بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆمان بخەینەروو، بە مەبەستی لابردنی ئەو تەم و مژەی کە لە هەندێ جێگادا لەسەر هەڵوێستی سیاسی ئێمە دروستیکردووە لەلایەک و، ئەو حوکمە دڵخوازانەیەی دەبارەی حزبەکانی ئێمە داویەتی لەلایەکی ترەوە، هەروەها بەمەبەستی روونکردنەوەی هەندێ لایەنی هەڵە و نادروستی بۆچوون و تێگەیشتنەکانی لەسەر پەرلەمان و پرسی بایکۆت و بەشداریکردن.

### تۆمەتی ڕاسترەوی و پشتکردنە شۆڕش!

هاوڕێ موئەیەد لەبەرامبەر تاکتیکی هەردوو حزب بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، مۆری ڕاسترەوی و پشتکردنە شۆڕشمان لێدەدات و دەمانکات بە هاوڕێ و هاوسەنگەری سۆشیال-پەرلەمانتاریستەکان و حزبی شیوعی عێراق کە دەمانەوی بەهەر نرخێک بووە دەستمان بە هەندێ ریفۆرم بگات و کارمان بریتیە لەوەی کە جەماوەر هەموو دەستکەوتەکانی بخاتە ناو حسابی پەرلەمانتاریزمەوەو ئیرادەی شۆرشگێرانەیان لەبارببەرین!

هاوڕێ موئەیەد دەڵێت:"...سیاسەتی بەشداریکردن لە پەرلەمان لەدۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستاندا ..بەتایبەتی ئەو حزبانەی خۆیان بەکۆمۆنیست لەقەڵەم دەدەن، بەداخەوە، هەڵخلیسکانە بەرەو ڕاست و کەشوهەوای سیاسی زاڵی بۆرژوازی"

هەروەها دەڵێت:"... بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا تەنها تاکتیکێکی سیاسی نیە کە لەلایەن هەردوو حزبەوە بەدەستەوە گیرابێت، بەڵکو جێبەجێکردنی ئاراستەو شێوازێکی کاری سیاسیە کە لەسەر پێداچوونەوە بە ئاراستەی سیاسی پێشوویاندا کردویانە... وە لەسەر بنەمای ئەم ئاراستە و هێڵە سیاسیە نوێیەوە، بەردەوام دەبن لە بەدەستەوەگرتنی تاکتیکی بەشداریکردن و پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە ناکرێ دەستبەرداری بن"

هەروەها دەڵێت:" بەداخەوە دەبینین کە رابەرانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان شوێن حزبی شیوعی عێراق کەوتوون لەم ئەرکەدا... واتە بەشداریکردن لە بەهێزکردنی خۆشباوەڕی بە پەرلەمان و هەڵبژاردن و... فراوانکردنەوەی بازنەی نفوزی هەڵپەرستانەی حزبی شیوعی عێراق و... لەباربردنی ئیرادەی شۆرشگێرانەی پرۆلیتاریا".

هەروەها دەڵێت:" وازهێنان لە ئەرکە کۆمۆنیستیەکانی تایبەت بە ئامادەکاری بۆ شۆرش و بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی بەشداری لە پەرلەماندا بەهۆی ئەوەی شۆرش بەکردەوە لەئارادا نیە، لەرووی فکریەوە ئەزمونگەراییەو لەرووی سیاسیەوە رادیکالیزمی چەپڕەوی رەوتە غەیرە پرۆلیتاریەکانە، کە هیچ شتێک نایبەستێتەوە بە مارکسیزم و بە تیۆری خەباتی چینایەتی مارکس و شۆرشی پرۆلیتاریەوە. ..."

هەموو ئەم دەربڕینانەی کە هاوڕێ موئەیەد وەکو بەڵگەی وەرچەرخانی ئێمە بەرەو ڕاست و وازهێنان لە کۆمۆنیزم و شۆڕش و رۆچوون بەرەو پەرلەمانتاریزم و دەستبەرداربوون لە مارکس و مارکسیزم و.. تاد. تەنها لە خەیاڵدانی سیاسی و فکری خۆیدا جێگایان هەیە و نەک لە دنیای واقعدا. هاوڕێ وەکو باقی رەخنەگرانی دیکەی هەردوو حزب لە پەیوەند بە مەسەلەی هەڵبژاردنەوە، لەناو مێشکی خۆیاندا وێنایەکیان لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان دروستکردووەو بەپێی ئەو وێنایە دادگاییان دەکەن و سزای سیاسیان دەدەن! هەر چاودێرێکی سیاسی بەویژدان، ئەگەر جیاوازی فکری و سیاسی و لەوەش واوەتر کینەی سیاسی بەرامبەر بە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرچاوی لێڵ نەکردبێت، لەهیچ جێگایەکی رەسمی هەردوو حزبدا، لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکان و لە بەڵگەنامە رەسمیەکانی حزبدا و تەنات لەو بەیاننامەو وتارانەی دەربارەی پرسی تاکتیکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بڵاومان کردوتەوە، ئەگەر توانی با یەک ووشە بدۆزێتەوە کە ئێمە ستایشی پەرلەمان و هەڵبژاردنمان کردبێت، یان

وتبێتمان بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی، هاوسەنگی چینایەتی، دۆخی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ناڕەزایەتی گشتی، بەشداری هەڵبژاردن دەکەین. ئەوە چ جای ئەوەی ووتبێتمان کە بەهەر نرخێک بووە و بۆهەمیشە بەشداری دەکەین!

هاوڕێ تۆمەتبارمان دەکات بە وازهێنان لە شۆڕش و لە خەباتی چینایەتی و لە کارکردن لەناو جەماوەری پرۆلیتاریادا، تەنها لەبەرئەوەی گوایە تاکتیکی بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردندا گرتۆتەبەر، بەلام لە خودی بەیاننامەی هەردوو حزبدا سەبارەت بە هەڵبژاردن زۆر بەووردی هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە پەرلەمانتاریزم و خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کرێکاری و دەسەلاتی شورایی و ئامانجی بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا ، نەک هەموو هەڵبژاردنەکانی داهاتووش، وەکو هاوڕێ بانگەشەی بۆدەکات، وە بەکارهێنانی هەڵبژاردن و پەرلەمانە سەکۆیەک بۆ دژایەتیکردنی خودی پەرلەمانتاریزم و دەسەلات و ریسواکردنیان: " ..**بێگومان بەپێچەوانەی پروپاگەندەی حزبە بورژوازیەکانەوە کە دەڵێن پەرلەمانتاریزم سیستەمێکە بۆ دەخالەتی جەماوەری خەڵک لە حوکمڕانیدا، لەروانگەی ئێمەوە پەرلەمانتاریزم شتێکی زیاتر نیە لە بەدیلی بۆرژوازی بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە خزمەتی چینی سەرمایەداردا. بۆیە لەرێگای سیستەمی پەرلەمانیەوە ناکرێت ئالوگۆڕێکی ریشەیی و بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا پێکبهێنرێت کە ببێتەهۆی گۆڕانێکی گەورە لە ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا. ئالوگۆڕی ریشەیی و کۆتایهێنان بەستەم و چەوسانەوە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموان، لەوانەش لەرێشەدەرهێنانی ستەمکاری دژی ژنان و هەموو جۆرە ستەم و هەلاواردنێک، لەرێگای شۆڕشی کرێکاری و ڕوخاندنی نیزامی سەرمایەداریەوە ئیمکانی هەیە.** بەدیلی ئێمەش بۆ دەسەلاتداریتی و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە حوکمڕانیدا سیستەمی شوراییە."

"..ئێمە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بریارماندا لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەین و وەکو مەیدانێکی سیاسی لەڕەوتی خەباتی سیاسی خۆماندا بەدەستیەوە بگرین. **ئامانجی هەردوو حزب لەبەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە بوو کە وەکو چۆن لە هەموو مەیدانەکانی تردا بەرگریەکی پەیگیرانەمان لە مافەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و کارمەندان و ژنان و لاوان کردوە، بەهەمان نەفەسەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و هۆڵی پەرلەمانیش بکەینە مەیدانێکی دیکەی ململانێ و شەڕ لەسەر مافەکانی ئێوە و لەسەر ئازادی و خزمەتگوزاریەکان.** "

ئایا بەڕاست هاوڕێ موئەیەد لەسەر بنەمای کام بەڵگەنامەی هەردوو حزب بەو دەرەنجامە سیاسیە گەیشتوە کە ئێمەی پێ تۆمەتبار دەکات؟ دەکرێ پیمانبلێت و نمونەیەکمان بۆ بهێنێتەوە!؟ یاخود بەرهەمی خەیاڵدانی خۆیەتی!؟ ئایا ئەوجۆرە مامەڵەیەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی بۆرژوازی، هەمان ئەو نەریتە لینینیە نیە کە ئێمە پێوەی پابەند بووین و هاوڕێ موئەیەدیش بۆ بەهێزکردنی ئارگیومێنتەکەی خۆی دژ بە ئێمە هێناویەتیەوە، کاتێک باسی پەرلەمانتاریزمی شۆڕشگێڕانە دەکات!؟ بەلام لەدژی خۆی گەڕایەوە!؟

موئەیەد دروست بەپێچەوانەی لینین و نەریتی سیاسی لینینەوە، کە خۆی وەکو میراتگری هەڵدەخات و ئێمەشی لێبێبەری دەکات، خۆی دەکەوێتە ئەو پێگە سیاسیەوە بەرامبەر بە ئێمە کە کۆمۆنیستە چەپڕەوەکانی ئەورووپا بەرامبەر بە لینین تێیکەوتن! هاوڕێ دەڵێت:" **کۆمۆنیستە چەپڕەوەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەنداو ئیتاڵیا و بەریتانیا هاوڕای پێشنیارەکانی لینین نەبوون. بەڵکو هەندێکیان وەکو تاکتیکێکی "ڕاستڕەوانە" سەیریان دەکرد لە دۆخی تایبەتی وولاتەکانیاندا و پێداگریان لەوە دەکرد کە سیاسەتی بەشداریکردن لە پەرلەمانەکانی بۆرژوازیدا لە ئەورووپای رۆژاوادا خزمەت بە شۆڕش ناکات و هیچ پاساوێکی نیە لەم وولاتانەدا کە حزبە سۆشیالیستە پەرلەمانتاریستە ریفۆرمخوازەکان کارەساتیان بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هێنا.....**"

هاوڕێ بەڕواڵەت بەرگری لە سیاسەتی لینین دەکات سەبارەت بە تاکتیکی بەشداریکردن لە پەرلەمانەکانی ئەودەمەی ئەورووپادا، لەکاتێکدا لە یەکێک لە بریارەکانی کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم( کۆمینترن) دا بەوجۆرە باسی پەرلەمانەکانی ئەو سەردەمە دەکات:" **لە سەردەمی پێشوودا، پەرلەمان تارادەیەک، رۆڵێکی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویی دەگێڕا وەکو ئامێرێک بۆ گەشەی سەرمایەداری. بەلام لەبارودۆخی ئیمپریالیزمی لەجڵەوبەربووی ئێستا، پەرلەمان گۆڕاوە بۆ ئامێرێکی درۆو چەواشەکاری و توندوتیژی و چەنەبازی بێزارکەر**.." ئایا ئەگەر ئەوکاتەی کە پەرلەمان لە مەیدانێکەوە بۆ بەدەستهێنانی هەندێ ریفۆرمەوە گۆڕابێت بۆ دەزگایەکی درۆو فێڵ و زەبروزەنگ، بەشداریکردن بۆ لینین و بەلشەفیەکان هەڵوێستێکی کۆمۆنیستی بووبێت و هاوڕێ شانازی پێوە بکات، بۆچی و بەکام پێودانگ بەشداریکردن بۆ دوو حزبی کۆمۆنیستی لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی درۆ و چەواشەکاری و میلیشیاییدا وەرچەرخانە بەرەو ڕاستڕەوی و خیانەت لە پرۆلیتاریا!؟ ئایا بەپێی کام پێودانگ لینین لەپێگەی چینی کرێکارەوە هەڵوێستی بەشداریکردنی لە پەرلەمانەکانی ئەورووپا، پەرلەمانی سەردەمی ئیمپریالیزم و

تاڵانکاری و چەتەگەری و جەنگ و داگیرکاری، گرتوتەپێش و ئێمەش لەپێگەی چینەکانی دیکەوەو لەناو کەشوهەوای سیاسەتی بۆرژوازیەوە ئەم تاکتیکەمان ڕەچاوکردوە؟! خۆ ئەوکاتەش هەندێک کۆمۆنیستی چەپڕەو هەبوون بەهەمان ئەو بەڵگانەی هاوڕێ موئەیەد دژی ئێمە دەیهێنێتەوە، ئەو هەڵوێستەی لینینیان بە ڕاستڕەوی ناوزەد دەکرد!

موئەیەد لەجێگایەکی دیکەدا تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵمان کە گوایە لەبەرئەوەی بڕوامان وایە هەرئێستا شۆڕشێک بەڕێوە نیە، بۆیە دەستبەرداری شۆڕش بووین و ڕوومانکردۆتە پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم و تاکتیکی بەشداریکردنمان کردوەتە سیاسەتێکی بنەڕەتی لە ستراتیژی سیاسیماندا لە مەسەلەی دەسەڵاتدا! هاوڕێ لە ڕەخنە لە هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەددا دەڵێت: **"ڕێبوار بوونی پەیوەندی لەنێوان شۆڕش و پرۆسەی شۆڕشگێڕانەدا لەناو کۆمەڵگادا لەگەڵ پرسی تاکتیکی بایکۆت یان بەشداریکردن لە پەرلەماندا ڕەد دەکاتەوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی سیستەمی بۆچوونەکانیەتی کە لەسەر بنەمای "ئەزمونگەرایی" دامەرزاوە نەک مارکسیزم و ماتریالیزمی دیالەکتیک. لەبەرئەوەی شۆڕشێک بەشێوەی بەرجەستە بەڕێوەنیە، ئیتر ئەو پێیوایە کە قسەکردن لە شۆڕش و پەیوەستەگی بە سیاسەتی بایکۆت و بەشداریکردن لە پەرماندا شتێک نیە بێجگە لە هەولێکی زهنی ناواقعی' چەپی حاشیەیی..."**

هەڵبەتە لەهیچ جێگایەکدا هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد قسەی لەوجۆرەی نەکردوە و بۆچوونێکی لەوجۆرەی دەرنەبڕیوە! من هیوادارم موئەیەد بەڵگەیەکی نوسراوی هاوڕێ ڕێبوار بخاتەڕوو. زۆر بەڕوونی چ لە نوسراوەکانی ڕێبواردا چ لە بەڵگەنامەو ڕاگەیاندنەکانی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی عێراق و کوردستاندا، پەیوەندی نێوان شۆڕش و دۆخی شۆڕشگێڕانەو ئامادەییە شۆڕشگێڕانەکانی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و تەنانەت دەرفەتی واقعی بۆ بەشداری کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری وەکو بنەمای هەڵویستی ئێمە بۆ بەشداریکردن یان بایکۆتی هەڵبژاردن لەبەرچاوگیراوە. بەڵام ئێمە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی بۆ پەرلەمان و ڕادەو ڕێژەی کۆنەپەرستبوونی پەرلەمان تاکتیکی بایکۆت هەڵنابژێرین. یان بەپێچەوانەی موئەیەدەوە کە پێیوایە کۆمەڵگای عێراق و کوردستان هەمووڕۆژێک لەناو کوانوی شۆڕش و لە دۆخی شۆڕشگێڕانەدا دەژین و بەپێی نەریتی لینین هەڵویستی بایکۆت هەڵدەبژێرێت، ئێمە پێمانوایە کە دۆخی شۆڕشگێڕانە و شۆڕش و ڕاپەڕین و هەڵسانی جەماوەری ساتی دیاریکراوی خەبات و ململانێی چینایەتین و هەموو ساتێک و هەموو ڕۆژێک دۆخی شۆڕشگێڕانە لەئارادانیەو هەموو کات و ساتێکیش کرێکار دەست بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و تەنانەت نارەزایەتی گشتی و سەراپاگیر نابات! بۆیە لەو دۆخەدا تاکتیکی بەشداریکردن لە پەرلەماندا ئەگەر ئێمکانی بەشداری کۆمۆنیستەکان هەبێت، تاکتیکێکی زیاتر جێگای ڕەچاوکردنە!

لەلایەکی دیکەوە، ئایا بەپێی ئەم بۆچوونەی کۆمێنترن کە دەڵێت: **"...دژایەتیکردنی پەرلەمانتاریزم" لەڕووی پرەنسیپیەوە، کە وەکو ڕەتکردنەوەی ڕەهاو بێچەندوچوونی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانیی شۆڕشگێرانەدا وێنادەکرێ، شتێک نیە بێجگە لە بیروباوەڕێکی منالانەی ڕواڵەتی کە لەبەردەم ڕەخنەدا خۆی ناگرێت..."** بەدژی بۆچوون و لێکدانەوەکەی هاوڕێ موئەیەد دەربارەی ڕەتکردنەوەو بایکۆتی هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانی ناشکێتەوە؟ ئەگەرچی ڕەنگە بڵێت من بەرەهایی و لەڕووی مەبدەئیەوە دژی کاری پەرلەمانی و بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا نیم بۆ مەبەستی شۆڕشگێڕانە، بەڵام ئەوە ناتوانێ بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی پێببەخشێت کاتێک هەر بەو هۆکارەی ئێمە باسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا دەکەین بۆ هەمان مەبەست، بە ڕاستڕەوی و وازهێنان لە شۆڕش و خەباتی چینایەتی و خزانە باوەشی بۆرژوازی تۆمەتبارمان دەکات! لە هەموو بەڵگەکانی حزب و قسەو بۆچوونەکانی کادرانی ڕابەرانی هەردوو حزبدا بەڕوونی باسی ئەوە کراوە کە ئێمە دەچینە ناو ئەم پرۆسەیەوە بۆئەوەی وەکو سەکۆیەک بۆ پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بەکاری بهێنین، بۆئەوەی لەناو پەرلەمانەوە خودی پەرلەمان لەناوبەرین. ئێمە وەکو لینین چۆن دەڵێت پەرلەمان وەکو تەویلەی بەرزا وایەو دەچینە ناوی تا تێکبدەین، ئێمەش ووتمان پەرلەمان زەلکاوە دەچینە ناوی تا دژی بۆرژوازی و دەسەڵات و حزبەکانی و بۆ بانگەشەکردنی دەسەڵاتی کرێکاری و شوراکان بەکاری بهێنین.

لینین و بەلشەفیەکان بەهەمانشێوە مامەڵەی پرسی پەرلەمان و بەشداریکردن و بایکۆتیان کردوە. لینین زۆر بەڕوونی باسی ئەو دۆخە دەکات کە کۆمۆنیستەکان دەبێ بایکۆتی پەرلەمان و هەموو دامودەزگا نوێنەرایەتیەکانی بۆرژوازی بکەن، ئەویش بوونی دۆخی شۆڕشگێرانەو هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەو نارەزایەتی گشتی و تێکشکاندنی وەهمی دەستوری و.... تاد. لینین لە چەمکی کۆنەپەرستبوون و تەنانەت دژە شۆڕشبوونی پەرلەمانەوە تاکتیکی بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمانی هەڵنەبژاردوە. لینین لە نوسراوی "لەدژی بایکۆت"دا دەڵێ": **"ئێمە بەلشەفیەکان لە دژە شۆڕشترین پەرلەمانەکاندا بەشداریمان کردوە، وە ئەزمونیش سەلماندی کە ئەمجۆرە بەشداریکردنە نەک تەنها بەسوود بووە، بەڵکو پێویستیش بووە بۆ پارتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر.."** هەروەها دەڵێت:" **بەراوردی نێوان بڕیارنامەی ستۆکهۆڵمی مەنشەفیەکان** و

**بڕیارنامەی لەندەنی بەلشەفیەکان بکەن سەبارەت بە دۆما. دەبینن یەکەمیان پڕە لە ڕستەو ووشەی قەبە دەربارەی دۆمای دەوڵەت و گرنگی کارەکانی. بەڵام ئەوەی دووەم زۆرسادە و ووشک و روون و ئاساییە. یەکەم پڕە لە مەیلی بۆرژوازی بچووک بۆ هاوسەرگیری سۆشیال دیموکراسی لەگەڵ ئاراستەی دەستوریدا »دەسەلاتێکی نوێ کە لە باوەشی گەلەوە هاتوە.. «و تاد. دۆمایەک بەهەمان سەلیقەوە بۆ ریاکاری رەسمی. بەڵام ناوەرۆکی بڕیارنامەی دووەم دەڵێت؛ لەبەرئەوەی دژەشۆڕش ئێمەی فڕێداوەتە ناو ئەم تەویلە نەعلیەتیەی بەرازەوە، ئەوا لێرەشدا دەبێ بەبێ ئاخهەڵکێشان و هاوکات بەبێ شانازیکردن لەپێناوی شۆڕشدا کاربکەین."** ئەمە ئەوجۆرە مامەڵە دروست و سیاسیە کۆمۆنیستیەیە کە لینین و کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم(کۆمێنترن) پێی دەڵێن" پەرلەمانتاریزمی شۆڕشگێڕانە"! بەڵام هاورێ ناوەڕۆکە راستەقینەو واقعیەکەی بەپێی بەرژەوەندی سیاسی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە!

ئایا هیچ شتێک لەوە ڕۆشنترە کە هەر کۆمۆنیستێک ئەگەر بەراستی خۆی بە پەیڕەوی لینین و میسۆدی فکری و سیاسی لینین دادەنێت، دەبێ ئەو بەڵگە ڕۆشنانەی لینین سەبارەت بە بایکۆت و بەشداریکردنی پەرلەمان وەکو ڕینمایی سیاسی ڕەچاوبکات، نەک لەلایەکەوە خۆی وەکو میراتگری ڕەسەنی لینین و لینینیزم هەڵبخات و لەولاشەوە پیچەوانەی ئەو رێنماییانە و لەناو خەیاڵدانی ئایدیۆلۆژی خۆیەوە و بەناوی لینینەوە بۆچوونە نامۆکانی بە لینین و میسۆدی لینینی بخاتە بازاری سیاسەتەوەو مۆری هەلپەرستبوون و نامارکسیستبوون و وەرچەرخانیش بەرەو ڕاست و ...تاد. لە کەسانێک بدات کە لەسەر هەمان رێبازی لینین و لینینیزم مامەڵەی ئەو پرسە دیاریکراوە؛ واتە پەرلەمان و پرسی بەشداری و بایکۆت دەکەن.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا جێێ خۆیەتی ئاماژە بە خاڵێک بکەم کە هاورێ موئەیەد ئاماژەی پێدەکات و کردویەتیە دەرفەتێک بۆئەوەی نەک تەنها بەڕاستڕەوی و هەلەپەرستی- ریفۆرمخوازی پێناسەمان بکات بەڵکو بماخاتە پاڵ بۆرژوازیەوە بۆ داسەپاندنی دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی بەسەر چینی کرێکارو سەرجەم جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێشدا! ئەویش ئەوەیە کە هاورێ ڕێبوار ئەحمەد باسی میسۆدی سیاسی هاورێ مەنسور دەکات لە پێداگری لەسەر ئەوەی دەبێ کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەو حزبی سیاسی دەخالەتگەری سیاسی– کۆمەڵایەتی بێت و لەهەموو دەرفەتەکان سوود وەربگرێت تەنانەت ئەگەر داوای بەشداریکردنی لێبکەن لە حکومەتی هەرێمدا. وە دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مەرجەکانی خۆی بۆ ئەو بەشداریە بەڕوونی بخاتەڕوو.

چەندە ئاسانە لەناو خەیاڵدانی خۆتدا فەرمان وبڕیار دەربکەی بەرامبەر بە دیاردە ورووداوو کەسە واقعیەکان! زۆر خۆماندووکردنی ناوێ، دیاردەیەک وەربگرە و بەپێی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خۆت وێنەیەکی بۆ دروست بکەو دواتر دەست بکە بە لێکدانەوەو شیکاریکردنی! ئایە بەڕاست ئەمە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ میسۆدی مارکیستی و ماتریالیستی مێژووی و دیالەتیکیدا هەیە کە هاورێ موئەیەد زۆری پێخۆشە ئەوجۆرە دەستەواژانە بەکاربهێنێ!؟

مەسەلەکە زۆر ڕۆشنە، باسی تاکتیکی سیاسی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکرێ کە بەڕوون و ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری و روخاندنی هەموو شێوەکانی دەسەڵاتداریێتی بۆرژوای لە عێراق و کوردستاندا و بۆ دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری تێدەکۆشێت، وە دەیەوێ لەهەر دەرفەتێکی سیاسی کە دێتەپیشەوە تا لەناو کۆمەڵگادا بۆ پەرەدان بە سیاسەتی و ستراتیژی خۆی وەکو هێزێکی دەخالەتگەری سیاسی شۆڕشگێڕ، کەڵک وەربگرێت. بەڵام هاورێ موئەیەد چونکە پوختەیی فکری و ئایدیۆلۆژی لای ئەو ئەسڵەو نەک دەخالەتگەری سیاسی، بۆیە لەهەر نزیک کەوتنەوەیەک لە سیاسەت دەترسێت کە نەوەکا پوختەیی ئایدیۆلۆژیەکەی لەکەدار بکات. ئەو نمونەیەی کە لەقسەکانی هاورێ ڕێبوار ئەحمەددا هاتووە، باسی لیاقەتی سیاسی و خەسڵەتی ڕابەری مەنسوری حیکمەتە وەکو ڕابەرێکی کۆمۆنیستی کرێکاری کە فکرو زەینی و هەموو سەرقاڵیەکانی لای ئەوەیە کە چۆن چینەکەی و بزوتنەوەکەی بەسەرکەوتن بگەیەنێت، وەکو لینین ئامادەیە بچێتە ناو شەمەندەفەرە داخراوەکەو بەناوی خاکی" دوژمن"دا بگەڕێتەوەو بۆ ڕابەرایکردنی شۆڕش، ئەگەر تەنانەت لەلایەن نەیارانی کۆمۆنیزم و بەلشەفیزمیشەوە بە جاسوسی ئەڵمان تۆمەتباری بکەن!

قسەکەی مەنسوری حیکمەت بەشێوەی نوسراو هەیە. لەساڵی١٩٩٩دا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆناڵ دا دەربارەی ڕفاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان، باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت: " **بێگومان ئەمە بەو مانایە نیە کە دەبێ ساردو بێبایەخ سەیری پرۆژەی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق بکەین یاخود لەدژی بوەستینەوە. ڕەنگە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق لەم پرۆسەیەدا تەنانەت بەشداریبکات..."**

هەڵبەتە هاورێ موئەیەد ئومێدە دەخوازێت کە هاوڕی مەنسوری بمایەت تا ئەو بابەتەی لەگەڵدا شەنوکەو بکردایە، بەڵام بەرامبەر بە رێبوار ئەحمەد، چاوەڕێی شەنوکەوکردن ناکات و ڕاستەوخۆ تاوانباری دەکات نەک تەنها بە ڕاستڕەوی، بەڵکو بە هاوبەشی بۆرژوای بۆسەرکوتی چینی کرێکار:

**"..ئاشکرایە کە لێرەدا باسی بەشداریکردن لە حکومەتدا دەکەین نەک پەرلەمان و هەڵبژاردن. ئەمەش گۆڕانێکی بنەرەتیە لەم ڕێبازو هێڵە سیاسیەدا کە هاوڕێ ڕێبوار بە هێڵێکی سیاسی کۆمۆنیستی چالاکی دەزانێت.. جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان بەشداریکردن لە پەرلەمان و بەشداریکردن لە حکومەتە بۆرژواییەکاندا، ئەوەی ئەخیر تەنها سیاسەتێکی ڕاستڕەوی نیە، بەڵکو بەشداریکردنە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی و جێبەجێکردنی دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی دژ بە چینی کرێکار و سەرجەم زەحمەتکێشان و هەژارکراوەکان."**

ئایا جێی خۆی نەبوو هاوڕێ وەکو چۆن لوتف پیشان دەدات و ئامادەیی نیشان دەدات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەنسوری حیمکەتدا، ئاواش ئامادەیی هەبوایە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەددا!؟ ئایا ئەو هەموو حوکمە قورسە بەسەر ڕێبوار ئەحمەد دا لەبەرچی!؟ ئایا هاوڕێ موئەیەد جورئەتی ئەوەی هەیە ئەو حوکمەی بەسەر ڕێبواردا دەیدات، بەسەر مەنسوری حیکمەتدا بیدات!؟

بێگومان موئەیەد دەمێکەیە خۆی لە خەتی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسوری حیکمەت جیاکردۆتەوە، بەڵام هاوڕێ بەرژەوەندی سیاسی هەیە لەم جۆرە موجامەلەیەی مەنسوری حیکمەت! بەشێک لەوانەی ئێستا هاوبەرەو هاوکەمپینی هێرشن بۆسەر هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان و هێشتا سوود لەناو ئۆتۆریتەی سیاسی هاوڕێ مەنسور وەردەگرن. ئەمە بێجگە لە بەرژەوەندخوازی سیاسی و هەلپەرستی سیاسی چ پێناسەیەکی دیکەی هەیە!؟ هەر ئەو قسەیەی مەنسوری حیکمەت کردویەتی، نایکات بە ڕاسترەو و هاوبەشی بۆرژوازی بۆسەرکوتی چینی کرێکار، بەڵام مادام ڕێبوار ئەحمەد یەکێک لە کەسایەتیەکان و ڕابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراق کوردستان دەیکات، خزانە بۆناو باوەشی بۆرژوازی و میلیرانیزم و بەرنشتینیزم! ❋

## مامەڵەی ئایدیۆلۆژی و چەپڕەوی لەگەڵ پەرلەمان و هەڵبژاردن!

هاوڕێ موئەیەد لەکاتێکدا گەڕانەوەی ئێمە بۆ لینین بە میکانیکی و هەولێکی سەرنەکەوتوو دادەنێت، گوایە دۆخی سیاسی و کێشمەکێشی چینایەتی و خودی خەسڵەتی پەرلەمان بەبەراورد بەکاتی لینین زۆر گۆرانی بەسەردا هاتوە، بۆیە ناتوانین ئەرگیومێنتەکانی لینین دەربارەی پەرلەمان و تاکتیکی بایکۆت و بەشداریکردن بەکاربهێنین. بەڵام خۆی لەو جێگایەدا کە پێیوایە لە بەرژەوەندی بۆچوونەکانی خۆیەتی، نەک دەگەڕێتەوەو بۆ لینین، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم و برگەی دووردرێژ لەبەڵگەنامەکانی ئەو کۆنگرەیە دەهێنێتەوە. بەڵام دیسانەوە بەڵگەکانی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم( کۆمێنترن)یش لە بەرژەوەندی بۆچوون و لێکدانەوەکەی ئەو نایەتەوە و پێچەوانەکەی پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەگەرچی هاوڕێ بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەی کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم (کومینترن) و هێنانەئارای باسی "پەرلەمانتاریزمی شۆڕشگێڕانە" و "پەرلەمانتاریزمی کۆن"، دەیەوێ ئێمە بخاتە پاڵ نەریتی "پەرلەمانتاریزمی کۆن" و بەوجۆرەش بە سۆشیال- ڕیفۆرمیزم و برنشیتیزم پێناسەمان بکات، بەڵام لەو ڕووەشەوە مامەڵەیەکی پێچەوانە و بەرژەوەندخوازانەی سیاسی دەکات، نەک بەوجۆرەی کە هەیە. هەرکەسێک بگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارانەی کۆنگرەیی دووەمی کۆمێنترن بەڕوونی بۆی دەردەکەوێ کە مەبەستی کۆمێنترن لە "پەرلەمانتاریزمی کۆن" ئەوەیە کە سۆشیال دیموکراسی لە دەورانێکدا کە بۆرژوازی" ئامادەبوو بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ پرۆلیتاریادا بەش بکات" و مل بدات بە کۆمەڵێک ڕیفۆرم بە قازانجی چینی کرێکار، پەرلەمانی وەکو سەکۆیەک بۆ گۆڕانکاری و بگرە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتیش بەکارهێناوە، بەڵام کاتێک **"..بۆرژوازی بەشێوەکی یەکلاکەرەوە گونجاندنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریادا لەڕێگای کۆمەڵە ڕیفۆرمێکی سادەوە ڕەدکردەوە" و " لەڕێگای ئاگر و ئاسنەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر پرۆلیتاریادا دەسەپێنێ"**، پەرلەمان ئەو ڕۆڵەی پێشووی لەدەست دا لە خەباتدا بۆ ریفۆرم بۆ کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار. ئیتر پەرلەمان تەنها وەک سەکۆیەک بوو کە بۆ پروپاگەندەی شۆڕشگێڕانە و دژایەتیکردنی خودی پەرلەمان و دەسەڵاتی بۆرژوازی سوودی لێوەبگیرێت. ئەمەشیان ناو نا "پەرلەمانتاریزمی شۆڕشگێرانە". وەکو ئاماژە بۆ ئەو شێوازە لەکاری پەرلەمانی کە بەلشەفیەکان و کارڵ لیبنکخت لە ئەڵمانیا و.. پیادەیان کرد. بەڵام هاوڕێ بەناڕەوا خۆی بە نەریتی "پەرلەمانتاریزمی شۆڕشگێڕانە"دا هەڵدەواسێت؛ چونکە ئەو هەرجۆرە بەشداریەک لە پەرلەماندا، تەنانەت ئەگەر بۆ ریسواکردن و دژایەتکردنی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزمیش بێت، ئەگەر بە ئامانجی شەرکردنیش بێت لەناو خودی پرۆسەی هەڵبژاردن و لە هۆڵی پەرلەماندا دژ بە بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی، بە خیانەت لە چینی کرێکار و وەرچەرخان بەرەو ڕاستڕەوی و دەستبەرداربوون لە شۆڕش دادەنێت!

هاوڕێ موئەیەد بەشێکی زۆری بابەتەکەی داناوە بۆ پێناسەی پەرلەمان و جێگاوڕێگای پەرلەمان لە خەباتی چینایەتیدا و ماهیەتی بۆرژوازیی پەرلەمان و خاسیەتی پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی

بۆرژوازی سەردەمی ئیمپریالیزم و کارکردی دژە شۆڕش و دژە کرێکاریی پەرلەمان و...تاد. لەویوەشەوە بەوە دەگاتە کە هەرجۆرە بەشداریکردنێک لە پەرلەماندا، واتە گەڕانەوە بۆ "پەرلەمانتاریزمی کۆن" و ریفۆرمخوازی و خیانەت لە چینی کرێکار و خزمەتکاری بۆ بۆرژوازی .. وتاد. بەڵام هەموو ئەو دەستەواژانەی لە لینین و لە کۆنگرەی دووەمی کۆمێنترین هێنامانەوە لە کوێدا ئاماژەیەک هەیە بۆئەوەی لەسەر خودی ماهیەتی پەرلەمان و دژە شۆڕش بوون و کۆنەپەرستبوون و ئیمپریالیستی بوونی پەرلەمان لینین و بەلشەفیەکان و کۆمێنترین سیاسەتی بەشداری یان بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمانیان بەدەستەوە گرتبێت!؟ کاتێک لینین دەڵێت ئێمە لە دژە شۆڕشترین پەرلەماندا بەشداریمان کردوە، کاتێک دەڵێت ئێمە دەبێ لەناو ئەم تەویلە نەعلیەتەی بەرازدا کاربکەین، ئایا هیچ پلەبەندیەکی دیکە دەمێنێتەوە بۆئەوەی لەسەر بنەمای ماهیەتی پەرلەمان تاکتیکی بەشداری یان بایکۆت دەستنیشان بکەی!؟

با کەمێک گوێ لە ئارگیومێنتەکانی هاوڕێ موئەیەد بگرین دەربارەی دروستی تاکتیکی بایکۆت و راستڕەوی و خزان بۆ باوەشی بۆرژوازی تاکتیکی بەشداریکردن!

**" ..ئەم پەرلەمانە دژی کرێکار و دژی ژنە ...و هەموو بریارو بریارنامەکانی لەبابەتی " کارتی سپی" بۆ پتەوکردنی کۆڵەکەکانی سەرمایەیە لەرێگای سیاساتی نیولیبرالیزمی ئابوریەوە.." ... شێوازی پەرلەمانی نیزامی ئێستای عێراق هەڵگری تایبەتمەندیەکانی پەرلەمانتاریزمی سەردەمی ئیمپریالیزمە لەلایەک و ، لەلایەکی دیکەوە لەئاکامی گەشەی خەباتی سیاسی و خەباتی چینایەتیەوە لە کۆمەڵگادا نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو دوای شەڕی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە عێراق و وەکو ئاکامی ئەو سەریهەڵداوە و دامەرزاوە.."**

بەپێی ئەم بۆچوونەی هاوڕێ موئەیەد بێت، پەرلەمانەکانی بۆرژوازی سەردەمی لینین دژە ژن و دژە کرێکار نەبوون. یاساکانیان بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی ئابوری و سیاسی بۆرژوازی نەبوو. هەروەها ئەوکاتە هێشتا ئیمپریالیزم لەدایک نەبوو بوو! هەر بەڕاستی ئایا ئەمە بەڵگەیەکی لۆجیکیە کە هاوڕێ بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکانی خۆی هێناویەتیەوە!؟ ئایا ئەوکاتەی لینین و بەلشەفیەکان لە دۆمای تزاریدا بەشدارییان کرد، سەردەمی ئیمپریالیزم نەبوو!؟ خودی دەوڵەتی تزار یەکێک نەبوو لە جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی ئەو سەردەمە؟ ئایا پەرلەمانەکانی ئەوروپا کە لینین هانی کۆمۆنیستەکانی دەدا تێیدا بەشداری بکەن، پەرلەمانی سەردەمی ئیمپریالیزم نەبوون، ئایا دەوڵەتانی ئەوروپای ئەو سەردەمە، فەرەنسا و ئەڵمانیاو بەریتانیا و ..تاد. خۆیان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی نەبوون و پەرلەماکانیان ئامێرێکی ریاکاری و درۆو توندوتیژی و بریاری شەڕ و داگیرکاری و تالانی نەبوون!؟ هاوڕێ دەڵێت خەسڵەتەکانی پەرلەمانی عێراق خەسڵەتی پەرلەمانی سەردەمی ئیمپریالیزمە، ئەی کەواتە بۆچی نابێ بەشداری تێدابکرێ، ئەگەر ئیمکانی بەشداری هەبێت!؟ جیاوازیەکە لای هاوڕێ موئەیەد ئەوەیە کە پەرلەمانی عێراق بەرهەمی ململانێی چینایەتی ناو کۆمەڵگای عێراق نیە، ئەسڵ نیەو لەلایەن ئەمریکاوەو لەئاکامی جەنگەوە هاتوە و دامەرزاوە! بەڵام ئایا هاوڕێ موئەیەد دەتوانێ دەوری ئەسڵی ئەم پەرلەمانەی عێراق وەکو ئامێرێک بۆ کۆنترۆڵی چینی کرێکارو دەزگایەکی دەوڵەتی بۆرژوازی و ئامێرێکی سیاسی توندوتیژی بۆرژوازی ئینکار بکات!؟ لەروانگەی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمەوە، پەرلەمانی ئەسڵ و عادی، هیچ بایەخێکی نیە! هەردووکیان ئێستا هەمان دەور دەبینن کە سەپاندنی دەسەلاتی دژەشۆڕشی بۆرژوازیە بەسەر چینی کرێکاراو دوورخستنەوەیەتی لە گێرانی هەرجۆرە رۆڵێکی سیاسی و پێشگرتن بەهەر هەوڵێکی چینی کرێکارە بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی چینایەتی خۆی!

خاڵێکی دیکە کە هاوڕێ موئەیەد بۆ پشتیوانی بەڵگەکانی خۆی دەیهێنێتەوە، ئەوەیە کە دەڵێ:".. **دوای سەرهەڵدانی شورا کرێکاریەکان لە شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ وەکو شێوازێکی رێکخستنی خەباتی جەماوەری کرێکاری و بەر لەوەش لە چارەکە سەدەیەک دەرکەوتنی کۆمۆنەی پاریس وەکو دیکاتۆریەتی چینی کرێکار...شێوازی پەرلەمانی خەباتکردن بایەخی مێژوویی خۆی لەدەستدا...**" لینین رێک بەرامبەر بە بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەم بۆچوونەوەی موئەیەد، رەخنە لە کۆمۆنیزمی چەپی ئەورووپی دەگرێ و دەڵێت، پەرلەمان لەرووی مێژووییەوە سەردەمی بەسەرچوە، بەڵام لەرووی سیاسیەوە بەسەرنەچووە. هەربۆیە تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەردا لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩١٧دا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دوای ئەوەی دەسەلاتی سیاسی لەدەستی شوراکان و بەلشەفیەکاندا بوو، لینین و بەلشەفیەکان بەشداری هەڵبژاردن و ئەنجومەنیان کرد تا بەکردەوە چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکیشی روسیا قانع بکەن کە دەوری سیاسی پەرلەمانی بۆرژوازی بەسەرچووە! وەکو لینین دەڵێت هەر ئەو تاکتیکە رێگای خۆشکرد کە بە ئاسانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر هەڵوەشێنینەوە! خودی لینین دوای ئەزمونی کۆمۆنەو دوای ئەزمونی شوراکانی ١٩٠٥ و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هێشتا بەو عەزمەوە کە موئەیەد بەرگری لێدەکات، بەرگری لە بایکۆت ناکات و بگرە لایەنگری بەشداریکردنە لە پەرلەمانە دژە شۆڕش و کۆنەپەرست و ئامێرەکانی دەستی ئیمپریالیزمدا! ئایا دەکرێ کەسێک لینین وەکو پشتیوانی قسە و

بۆچوونەکانی بهێنێتەوە کە ڕاست و ڕەوان دژی بۆچوون و هەڵوێستەکانی لینین بێت!؟ ئایا لینین هەڵەبوو کە دوای ئەوانەش هەر بەرگری لە تاکتیکی بەشداری دەکرد، یان موئەیەد کە بەپێی هەمان بەڵگە باسی بایکۆت دەکات و بەشداریکردن بە خیانەت و هەلپەرستی و سۆشیال- ریفۆرمیزم و برنشتینیزم دەکات!؟ ئایا بەپێی هەمان پێودانگ، لینینیش ناکەوێتە ناو ئەڵقەی سۆشیال- ریفۆرمیستەکانەوە!؟

مەسەلەیەکی دیکە، کە پشتی پێدەبەستێ بۆ هەڵبژاردنی تاکتیکی بایکۆت، ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵک بایکۆتی پەرلەمان دەکەن. بەڵام لە دۆخێکدا کە بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمان و نارەزایەتی جەماوەر لە دەسەلات نەگاتە جموجوڵێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری و نارەزایەتیەکی سەراسەری، وەکو ئەوەی لینین پێی دەڵێت" هەڵچوونی شۆڕشگێرانە"، بایکۆت تەنها بیروباوەڕێکی منالآنەی ڕواڵەتی دەبێت! هەڵبەت کۆنگرەی دووەمی کۆمێنترن لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت:" **حزبی کۆمۆنیست لەکاتێکدا وەکو بنەمایەکی گشتی، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان و شارەوانیەکان و کارکردن لە پەرلەمانەکان و شارەوانیەکاندا قبوڵ دەکات، دەبێت مەسەلەکە بەرەچاوکردنی ئەو دۆخە تایبەتیە و تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی دۆخەکەش یەکلابکرێتەوە. بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمان، هەروەها دەرچوون لە پەرلەمان دوو مەسەلەی قبوڵکراون بەتایبەتی کاتێک هەلومەرجێک لەئارادابێت کە ڕێگا بدات ڕاستەوخۆ بەرەو خەباتی چەکداری هەنگاو بنێیت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات!"**

مەرجێکی زۆر سەیر کە هاوڕێ بۆ ڕەوابوونی بایکۆت ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە"...هەڵبژاردنی ئەمساڵ درێژکراوەی هەڵبژاردنەکانی هێزەکانی دژە شۆڕشی ساڵی ٢٠٢١ە کە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری سەرکوتکرد و نوقمی کرد لە خوێندا و هەڵبژاردنی ئەوکاتە وەکو تەواوکاری پرۆسەی خەفەکردنی بەڕێوەچوو. بەوجۆرە، **پەیوەندی پەرلەمانی ئێستای عێراق بە خەباتی چینایەتی و سیاسیەوە کە لە کۆمەڵگادا بەڕێوەیە، پەیوەندی پووچەڵکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەکان و لاوانە."**

ئەم لێکدانەوەیەی هاوڕێ بەراورد بکەن بە بەشداری لینین و بەلشەفیەکان لە دۆمای سێهەمدا، کە تەنها نزیکەی دوای دووساڵ لە سەرکوتی شۆڕشی ١٩٠٥ لەلایەن تزارەوە ئەنجام درا. دوای نزیکەی ٦ ساڵ لە خرۆشانی جەماوەری ٢٠١٩ کە هەموو عێراقیشی نەگرتەوە، دوای نزیکەی ٤ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی هەڵبژاردنی پێشوەختەی دوای خرۆشانی ساڵی ٢٠١٩، هاوڕێ هاتوە بەهەمان بەرواری ئەوکاتە حوکم بەسەر دۆخی سیاسیی ئێستای عێراقدا دەدات و دەڵێت کە هەڵبژاردنی ئێستاش بۆ پووچەڵکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەرە! بێگومان هەموو کاتێک بۆرژوازی و دامودەزگاکانی هەوڵ دەدەن خەباتی جەماوەر پووچەڵ بکەنەوە، بەڵام پرسەکە پوچەڵکردنەوەی خەبات نیە، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو خەباتە لەئاستێکدایە کە گۆرابێت بۆ نارەزایەتی گشتی و سەراسەری و هەڵچوونی شۆڕشگێرانەو ئامادەیی جەماوەری بۆ کاری شۆڕشگێرانە یان نا!؟ فڕێدانی دەستەواژەی لێل و نامەعلوم ناتوانێ هیچ سیاسەتێک ڕوون بکاتەوە!

هاوڕێ موئەیەد لەناو گێژاوێکی سیاسیدا گیری خواردوە، لەلایەکەوە بایکۆت و بەشداریکردن وەکو تاکتیکی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی تەماشادەکات و لەلایەکی دیکەوە، بەهەموو جۆرێک ڕەتی دەکاتەوەو بەئەنجامگیریەکی سەیر دەگات کە مەگەر خۆی تێبگات مەبەستی چیە؟ ئەو دەڵێت:" **بایکۆت و بەشداریکردن لەپەیوەند بە پەرلەمانەوە هەردوکیان تاکتیکی سیاسی موعتەبەرن بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری، دوو مەسەلەی گرنگ کە دەکرێ یەکێکیان ڕەچاوبکرێ لە قۆناغ و هەلومەرجی دیاریکراودا. بێگومان ئەمە ئەوە نەفی ناکاتەوە کە پێشتر ووتمان بەوەی کە دوو پرسی لاوەکین بە بەراورد بە خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەکان لە دەرەوەی پەرلەمان.."**

لێرەدا هاوڕێ دروست جێگاوڕێگای بایکۆت و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا دەستنیشان دەکات وەکو دوو تاکتیکی سیاسی موعتەبەر، بەڵام دیسانەوە کێشەیەکی هەیە کە باسی پێگەی ئەو دوو تاکتیکە دەکات بەرامبەر بە خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە دەرەوەی پەرلەمان، وەکو دەورێکی لاوەکی و پلەدوو.

هەڵبەتە ئەوەی جێگاو ڕێگای پلەدووی هەیە لە خەباتی چینایەتی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا تاکتیکی بەشداری یان بایکۆت نیە، بەڵکو خودی خەباتی پەرلەمانیە. بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری لاواز یان بەهێزبێت، جێگاوڕێگای یەکەم و بنەڕەتی هەیە لە ململانێی چینایەتی و لەئەولەویەتی خەباتی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستیدا. بەڵام گرتنەبەری تاکتیکی بەشداری یان بایکۆت بەندە بەو دۆخە سیاسی و ئاستی نارەزایەتی گشتی و فەزای شۆڕشگێرانەو ئیمکانی بەشداری کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی، کە تێیدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەدەچێت و کامیان دەتوانێ لەبەرژەوەندی بەهێزکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و گشتی بێت و خزمەت بە شۆڕش و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بکات!

بەڵام کاتێک دێتە سەر هەڵوێست لە پەرلەمان و هەڵبژاردنی عێراق، ئیتر هەموو شتەکان قلپ دەبنەوەو بەشداریکردن وەکو تاکتیکێکی

موعتەبەر بەکردەوە هیچ جێگایەکی نامێنێت لە سیاسەتی کۆمۆنیستەکاندا! : "**بایکۆتی پەرلەمانی عێراق لەم قۆناغەدا تاکتیکی سیاسی نیە بەورادەیەی کە واقعیەتێکی سیاسی چینایەتی مەوجودە، ئەویش تایبەتە بە چینی کرێکار و جەماوەری هەژارکراو و چەساوەو خەباتی چینایەتی. مەرجی بەکارهێنانی پەرلەمان بۆ مەبەستی شۆڕشگێرانە گرێدراوە بە رادەی گەشەی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە لەدەرەوەی پەرلەمان لەم قۆناغەی عێراقدا؛..**"

هاوڕێ لەم قۆناغەدا ئیتر بایکۆت بە تاکتیکی سیاسی نازانێ، بەڵکو وەکو پرسێکی ناچاری سەیری دەکات! هۆکارەکەشی ئەوەیە کە واقعیەتێکی چینایەتی مەوجودە! مەبەست لەوە چیە؟ بەبڕوای من بەوجۆرەی لە جێگایەکی دیکەدا ئاماژەی پێدەکات، لەبەرئەوەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی عێراق بایکۆتی پەرلەمان دەکەن! هەر بەڕاستی ئەمە شوێنکەوتنی جەماوەر و پۆپۆلیزم نیە!؟ ئایا هەر لەبەرئەوەی بەشێکی جەماوەر بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەن، ئیتر کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی دەبێت بایکۆتی پەرلەمان بکەن؟ ئایا بەڕاستی ئەوەیە نەریتی لینینی!؟ ئەی ئەو بەشەی دیکەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە بەشداری دەکەن جێدەهێڵێت بۆ ئەحزابی بۆرژوایی میلیشیایی و کۆنەپەرست!؟ وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە، ئایا ئەو جەماوەرەی بایکۆت دەکەن لەسەر بنەمای ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی کاری شۆشرشگێڕانە ئەو کارە دەکەن، یان لەسەر بنەمای بێئومێدی و پاسیفیزمی سیاسی!؟ هەڵبەتە من رەخنەم لەو خەڵکە نیە کە بەهەرجۆرێک بایکۆتی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەن، بەڵام لەدۆخێکی سیاسی وەستاودا و لە نەبوونی هیچ دۆخێکی شۆڕسگێڕانەو هیچ هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانەو هیچ ئاسۆیەکی نزیک بۆ هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە ئەوکارە دەکەن. بڕیار نیە حزبی سیاسی پێشڕەو شوێن بێئومێدی و لاموبالاتی سیاسی جەماوەر بکەوێت. دەبێت ڕابەرییان بکات بۆ بردنەسەری ئامادەییەکانیان بۆ ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانە. تەنانەت ئەگەر وەکو بڕیارنامەکەی کۆمێنترن دەڵێت، ئەگەر لەناو پەرلەمانیشدا بوویت، بەڵام جەماوەر دەستی برد بۆ کاری شۆڕشگێڕانە و نارەزایەتی گشتی، دەبێ نوێنەرانی کۆمۆنیستی بچنەناو جەماوەرەوەو ئامادەبن بۆ رابەری و ئەنجامدانی کاری ناکۆک بە یاساکانی پەرلەمان و لەکاتی پێویستیشدا دەبێ بێنەدەرەوە لە پەرلەمان! ئەمە تاکتیکی سیاسی دروستە، نەوەک ئەوەی هاوڕێ موئەیەد دەڵێت، بایکۆت بوە بە واقعیەتی خەباتی چینایەتی لەئێستای عێراقدا و بەو دەستەواژەیە خۆی لە هەموو بەرپرسیارێتیەکی جدی بەرامبەر بە چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری بێبەری دەکات!

بەپێچەوانەی ئەوەی کە هاوڕێ دەڵێت:".. **خودی رێبازی لینین بەبڕوای من سیاسەتی بایکۆت لە عێراقدا ڕەچاودەکات لە پەیوەند بە پێویستیەکانی بەرەوپێشبردنی هێزەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە عێراقدا و بەهێزکردنی خەباتی سیاسی چینایەتی پرۆلیتاریا نەک بەشداریکردن لە پەرلەمانێکی بۆرژوازی ریسوا و مۆنۆپۆلکراو لەلایەن هێزە میلیشاییە نەتەوەپەرست و ئیسلامیەکانەوە کە پشتیان بە دەستێوەردانی هێزە هەرێمی و جیهانیەکان بەستوە، پەرلەمانی هێزەکانی دژە شۆڕش کە ڕاپەرینی ئۆکتوبەری لەخوێن هەڵکێشا**". ئەو دۆخەی ئێستای عێراق تاکتیکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا دەخوازێ بەپێی نەریتی سیاسی لینین. باسەکە لەسەر دۆخی ئێستایەو رەنگە ساڵێکی دیکەو بگرە چەند مانگی داهاتوو دۆخی سیاسی بەجۆرێک بگۆڕێت کە تاکتیکی بەشداریکردن ئیتر هیچ مانایەکی نەمێنێ. بەڵام ئەو پێناسەیەی کە بۆ پەرلەمانی عێراق دەیکات، لەگەڵ پەرلەمانەکانی روسیادا کە لینین و بەلشەفیەکان بەشدارییان تێداکرد بەراورد بکەن، ئایا تزار فریشتەبوو لەچاو ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییەی ئێستادا؟ ئایا لە ساڵی ١٩٠٥دا، تەنها دوو ساڵ بەر لە دۆمای سێهەم کە بەلشەفیەکان تێدا بەشداربوون، هەزاران کەس لەلایەن تزارەوە کۆمەڵکوژ نەکران کاتێک قەشە گابۆن بە رابەری هەزاران کەس سکالای بردە بەردەم کۆشکی تزار و داوای لێکرد کە میهرەبانیەک بەرامبەر بە جەماوەری کرێکار و چەوساوەی روسیا بنوێنێ!؟ چ نزیکایەتیەک هەیە لە نێوان نەریتی لینین و ئەو بۆچوونەی هاوڕێ موئەیەدا!؟

## بێڕێزیکردن یان رەخنەی سیاسی!؟

لە کۆتاییدا مەسەلەیەکی دیکە دەهێنێت ئاماژەیەکی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە کە هاوڕێ موئەیەد نیگەرانی شەخسی لە رەخنەکانی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد هەیە کاتێک باسی هەڵوێستی چەپ دەکات بەرامبەر بە پرسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەمان و مەسەلەی بێدەخاڵەتگەری سیاسیان لە پرس و رووداو و مەسەلە سیاسیەکانی کۆمەڵگا، وە وەکو سوکایەتیکردن بە خۆیان و خەبات و قوربانیەکانیان تەماشای دەکات و بەوهۆیەشەوە بە نامارکسی و خزمەتکاری بۆرژوازی و هەڵگری نەریتی رەوتە سیاسیە بۆرژوایی و ناسیۆنالیستەکان ناویدەبات: "**.. لەرەوتی وەڵامدانەوەی بە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و کۆمۆنیستە رەخنەگرەکان لەهەردوو حزب چەندینجار سوکایەتیان پێدەکات و بەشێوەیەکی ناهاوڕییانە ڕۆڵ و خەبات و قوربانیەکانیان بە کەم دەگرێت بەبێ ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆبکات...**"

هەروەها دەڵیت:" بەم شێوازەی و بەمجۆرە گفتوگۆکردنە کە مۆرکێکی نەریتی رەوتە سیاسیە بۆرژاواییەکانی بەسەردا زاڵە، نەک خاڵێکی ئەرێنی بۆ مێژووی خەباتگێڕانەی خۆی تۆمار ناکات، بەڵکو خزمەتێکی خۆڕایی پێشکەش بە بۆرژوازی و حزبەکانی دەکات کە بەردەوام بانگەشەی دژە کۆمۆنیستی دەکەن.." " نەک هەرئەوە بەڵکو سنوری رێزگرتنیان تێدەپەڕێنێت و پێیان دەڵێت کە کۆمۆنیستەکان " بەزۆریش لە حەشارگەکەیان نایەنە دەرەوە" بۆئەوەی سوود لەو دۆخی ئازادی سیاسیە ببینن کەهەیە..."

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە هاوڕێ رێبوار ئەحمەد رووی دەمی لە هیچ کەسێکی دیارکراو و موشەخەس نیە، بەڵکو رووی لە نەریتێکی سیاسیە کە ئەو نەریتە بەسەر چەپی غەیرەکرێکاریدا زاڵەو بزوتنەوەی ئێمەش بۆ ساڵانێک بەدەست ئەو نەریت و شێوەکارو هەڵسورانەوە نالاندویەتی. رەخنەگرتنی ڕاشکاو و بوێرانە لەو نەریتە غەیرە کرێکاریە کە خۆی لەناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا حەشارداوە، خاڵی پێشرەوی و بەهێزبوونی کۆمۆنیزمە نەک لاوازکردنی و خزمەتکردن بە بۆرژوازی. ئەوە نەریتی مارکسیزمە کە دەبێ بە بوێریەوە رەخنە لە هەڵەکانمان بگرین، بۆئەوەی ئەزمونیان لێوەربگرین و بڕیارە دروستەکان بدەین! بە قسەی مارکس، بزوتنەوەی ئێمە کاتێک دەست لەسەر زەوی دادەنێت، بۆئەوەیە کە خۆی ئامادە بکات بۆ بازدان! بەڵام هاوڕێ موئەیەد کە دەیەوێ ئەو نەریتە چەپە غەیرە کرێکاریە پیرۆز بکات و بیهێڵێتەوە، رەخنەکانی ئێمە بە سوکایەتی بە خەبات و مێژووی سیاسی خۆی و باقی بەناو مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و کۆمۆنیستەکان دادەنێت!

ئەو قسانەی هاوڕێ رێبوار ئەحمەد، کە هاوڕێ موئەیەد بەورادەیە لێی نیگەرانە و بە بەزاندنی سنوری رێزو و خزمەتکاری بۆ بۆرژوازی و نەریتی کوردایەتی ناوزەدەی دەکات، بەوجۆرەیە:" ئێمە لە عێراق دروست لەگەڵ ئەم واقعە بەرەورووبین، چەپ لەجیاتی ئەوەی کەڵک وەرگرێت لەو فەزا سیاسیە کراوەیە کە لەجەرگەی ڕوداو و ئاڵوگۆڕەکان و بەرامبەرکێی ئەم چەند دەهەی دوای چونەدەرەوەی بەعس لە کوردستان و پاشان بە ڕوخانی ئەم ڕژێمە لە ئاستی عێراقدا پێکهاتوە، هەمیشە وای نیشان دەدات کە فەزایەکی سەرکوت و داپلۆسینی ئەوتۆ بەرقەرارە کە چەپەکان ناتوانن سەر دەربهێنن، ئەگینا لەگەڵ تیرۆر و مەترسی مەرگ بەرەورو دەبن .."

تێبینی: هەموو ئەوانەی هێڵی تەئیکدیان بەژێردا هاتوە هی ئێمەن.

..................................................

* ئێدوارد بێرنشتاین سیاسەتمەدارێکی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی و ڕابەری پارتی سۆسیال دیموکرات (SPD)بوو. دژی هێڵی مارکس بوو سەبارەت بە هێنانەدی سۆشیالیزم لەڕێگای شۆڕشەوە. بڕوای بە ریفۆرم و پەرلەمان هەبوو بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**
**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە..**



# لیۆن ترۆتسکی؛

## مێژووی شۆڕشی رووسیا

## بەرگی یەکەم: رووخاندنی تزاریزم

## بەشی ١٥

## بەلشەفییەکان و لینین

## (بەشی هەشتەم و کۆتایی)

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئۆکتۆبەر

سوخانۆڤ دەگێڕێتەوە: "لە کۆنفرانسە هاوبەشەکەدا، لینین هۆکاری سەرەکی بوو بۆ جیابوونەوە ... بیرمە بۆگدانۆڤ (مەنشەفیەکی بەناوبانگ) دوو هەنگاو دوور لە تریبونی وتاردانەوە دانیشتبوو. قسەکانی بە لینین بڕی و ووتی:" ئەمە قسەی بێمانایە، ئەمە شێتیە.. دەبێ شەرم بکەن کاتێک چەپڵە بۆ ئەم قسە بێمانیانە لێدەدەن!'" و پاشان روویکردە ئامادەبووان و بە روخسارێکی پەڕیوەوە لە تورەیی و سوکایەتی:"ئێوە خۆتان ڕیسوا دەکەن، مارکسییەکان!''"

ئەندامێکی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفییەکان، گۆڵدنبێرگ، کە ئەوکات کەسێکی ناحیزبی بوو، تێزەکانی لینینی بەم ووشە گاڵتەجاڕیانە هەڵسەنگاند: "ساڵانێکی زۆرە شوێنی باکونین لە شۆڕشی ڕووسیادا بە بەتاڵی ماوەتەوە، ئێستا لەلایەن لینینەوە پڕکرایەوە".

"بەرنامەکەی لەوکاتەدا ئەوەندە بەتووڕەییەوە پێشوازی لێنەکرا ئەوەندەی بە گاڵتەجاڕیەوە پێشوازی لێکرا."

زەنزینۆڤی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان دەگێڕێتەوە: "بۆ هەمووان یەجگار بێمانا و خەیاڵی دەهاتەبەرچاو."

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە ڕاڕەوەکانی کۆمیسیۆنی پەیوەندیدا دوو سۆسیالیست لەگەڵ میلیۆکۆڤ قسەیان دەکرد و گفتوگۆکەیان چووە سەر لینین.

⇦

سکۆبێلێڤ بەوجۆرە پێناسەی کرد: "کەسێک کە بە تەواوی کۆتایی پێهاتوە، لەناو بزووتنەوەکەدا تەریک کەوتۆتەوە". سوخانۆڤیش هەمان بیرکردنەوە بوو، بگرە لەوە زیاتریش: "لینین تا ئەو ڕادەیە لای هەیچ کەس قبوڵکراو نیە کە تەنانەت هیچ مەترسیەکی بۆسەر هاوڕێکەم میلیۆکۆڤ نیە لێرەش."

بەڵام دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەم گفتوگۆیەدا ڕێک بەپێی دارشتنەکەی لینین بوو: سۆسیالیستەکان پارێزەری ئارامی دەروونی ئەو لیبراڵە بوون بەرامبەر بەو کێشەیەی کە ڕەنگە بەلشەفیزم بۆی دروست بکات.

تەنانەت دەنگۆی ئەوە گەیشتە گوێی باڵیۆزی بەریتانیا کە لینین بە مارکسیستێکی خراپ ناسێنراوە. بوکانان نووسیویەتی: "لەنێو ئەو ئەنارکیستانەی تازە هاتبوون، لینین بوو، کە بە شەمەندەفەرێکی داخراو لە ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوە، وە بۆ یەکەمجار لە کۆبوونەوەی پارتی سۆسیال دیموکراتدا بەئاشکرا دەرکەوت و پێشوازییەکی خراپی لێکرا".

کیرنسکی، لەهەموو کەس زیاتر بە خۆبەزلزانیەوە مامەڵەی لەگەڵ لینیندا کرد لەوکاتەدا، بەوەی کە لە بەردەم ئەندامانی حکومەتی کاتیدا بە شێوەیەکی چاوەڕوانەکراو ڕایگەیاند کە دەبێت بچێتە لای لینین، و لە وەڵامی پرسیارە حەپەساوەکانیاندا ووتی: " ئەو لە کەشێکی تەواو گۆشەگیردا دەژی، هیچ نازانێت، هەموو شتێک لە چاویلکە توندڕەویەکەیەوە دەبینێت. هیچ کەسێکی لەدەور نیە یارمەرتی بدات بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوودەدات". بەمشێوەیە نابۆکۆڤ شایەتی دەدات. بەڵام کیرێنسکی هەرگیز ئەو کاتەی دەست نەکەوت کە لینین لەوەی دەگوزەرێت ئاگاداربکاتەوە.

تێزەکانی مانگی نیسانی لینین نەک هەر تووڕەیی نەیاران و دوژمنەکانی وروژاند، بەڵکو ژمارەیەک لە بەلشەفیە دێرینەکانیشی دوورخستەوە بۆ ناو کەمپی مەنشەفیەکان – یان بۆناو ئەو گروپە نێوەندگیرەی کە لە دەوری بڵاوکراوەکەی گۆرکی پەناگەیەکیان بۆخۆیان دۆزیەوە. ئەم دزەکردنە هیچ گرنگییەکی سیاسی جددی نەبوو، بەڵکو ئەو کاریگەریەی هەڵویستەکەی لینین لەسەر ڕابەرایەتی حزب بەگشتی داینا، گرنگیەکی گەورەی هەبوو. سوخانۆڤ دەنووسێت: "لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای گەیشتنیدا، هیچ گومانێک نەبوو لەگۆشەگیری تەواوی لەگەڵ هاوڕێ هوشیارەکانیدا". زەنزینۆڤی سۆشیالیستی شۆڕشگێر پشتڕاستی دەکاتەوە: "تەنانەت هاوڕێکانی حیزبەکەی، بەلشەفیکەکان، لەوکاتەدا بە شەرمەزارییەوە لێی دوورکەوتنەوە." نووسەرانی ئەم تێبینیانە هەموو ڕۆژێک لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریدا چاویان بە ڕابەرەکانی بەلشەفیەکان دەکەوت و بەڵگەی ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر ئەو قسانەی کە دەیانگوت.

بەڵام لە ڕیزەکانی بەلشەفییەکانیشەوە کەم نەبوون ئەو شایەتیانەی کە هاوشێوەی ئەمانە بوون. تسیخۆن، بەپێی توانا دەربڕینەکەی ناسک دەکاتەوە، هەروەکو زۆربەی بەلشەفیە دێرینەکان دەیکەن کاتێک باسی شۆڕشی شوبات دەکەن و دەڵێت: "کاتێک تێزەکانی لینین خرانەڕوو، لە حزبدا هەستمان بە جۆرە دوودڵیەک کرد. زۆرێک لە هاوڕێیانمان دەیانگوت لینین تووشی لادانێکی سەندیکالیستی بووە، دوور بوە لە روسیا، ئەم دۆخی ئێستای ڕەچاونەکردوە." یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی بەلشەفییەکان لە ئاستی ناوچەکاندا، لیبێدیڤ، دەنووسێت: "لەکاتی هاتنەوەی لینین بۆ رووسیا، بەشێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو ئاژیتاسیۆنەکانیمان قبوڵکرد. لەسەرەتادا بەتەواوی بۆ ئێمەی بەلشەفیەکان تێگەیشتنی سەخت بوو، تەنانەت وەکو یۆتۆپیا سەیر دەکرا و ئەوەشمان بەوە لێدەدایەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ژیانی رووسیا دوورکەوتۆتەوە. هەنگاو بەهەنگاو لەلایەن ئێمەوە قبوڵکراو وەکو دەوتری ، چووە ناو گۆشت و خوێنمانەوە".

زالێژسکی، ئەندامی کۆمیتەی پترۆگراد و یەکێک لە ڕێکخەرانی پێشوازیکردن لە لینین، ڕاشکاوانەتر دەدوێت و دەڵێت: "تێزەکانی لینین وەکو تەقینەوەی بۆمبێک وابوو لەناوماندا." زالێژسکی بەتەواوی گۆشەگیری تەواوەتی لینین پشتڕاست دەکاتەوە دوای ئەو پێشوازییە گەرم و سەرنجڕاکێشە: "لەو ڕۆژەدا (٤ی نیسان) هاوڕێ لینین نەیتوانی هاوسۆزێکی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە تەنانەت لە ڕیزەکانی خۆماندا."

بەڵام گرنگتر لەهەموو ئەوانە، ئەوەی کە لە بڵاوکراوەی "پراڤدا" دا بڵاوکراوەتەوە. لە ٨ی نیساندا، دوای بڵاوبوونەوەی تێزەکان – لەکاتێکدا ماوەیەکی گونجاو تێپەڕیبوو بۆ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش – دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی پراڤدا نووسیویانە: "سەبارەت بە پلانە گشتیەکەی هاوڕێ لینین، بەلای ئێمەوە قبوڵ نەکراوە، چونکە لە گریمانەیەکەوە دەست پێدەکات کە شۆڕشی بۆرژوازی-دیموکراسی کۆتاییهاتووە، وە پشتی بەوە بەستوە کە ئەم شۆڕشە دەستبەجێ بگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی".

بەمشێوەیە ئۆرگانی ناوەندی حیزب بەئاشکرا لە بەردەم چینی کرێکار و دوژمنەکانیدا جیابوونەوەیەکی لەگەڵ سەرکردەی گشتی دانپێدانراوی حیزبدا ڕاگەیاند لەسەر ئەو پرسیارە ناوەندییەی شۆڕش کە ڕیزەکانی بەلشەفییەکان ساڵانێکی دوورودرێژ خۆیان بۆ ئامادەدەکرد. ئەمە بەتەنیا خۆی بەس بوو بۆ دەرخستنی قوڵیی قەیرانی نیسانی ناو حزب، لەئاکامی پێکدادانی دوو هێڵی فکری و پراتیکیەوە کە میانجیگەری نەدەکرا لەنێوانیاندا. وەشۆڕش نەیدەتوانی بەرەوپێشەوە بچێت تەنها ئەوکاتە نەبێ کە ئەم قەیرانەی تێپەڕاند.

★